# شیعرییەتی کات لە ڕۆمانی (نیشتمانی سارا)ی (میران ئەبراهام)دا
# شعرية الزمن في رواية (نيشتمانى سارا) لـ (ميران أبراهام)
# The poetics of time in the novel (nishtimane Sara) by (Miran Abraham)

**ڕێکار عەلی حەسەن[1]، موحسین ئەحمەد عومەر[2]**
[1,2] بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆلی سەلاحەدین، شاری هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: Rekar.hasan@su.edu.krd


## پوختە:

شیعرییەتی کات لە ڕۆمانی (نیشتمانی سارا)ی (میران ئەبراهام)دا ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە، کات توخمێکی سەرەکی ڕۆمانە و پەیوەستە بە تەکنیکی گێڕانەوە، هیچ گێڕانەوەیەک بە بێ بوونی کات ئەنجام نادرێت، جگە لەوەی توخمی کات کاریگەری لە بەرهەمهێنانی شیعرییەتی ڕۆماندا هەیە، لەم توێژینەوەیەدا چەمکی کات وەک توخمێکی گرنگی ڕۆمان و شیعرییەتی کات لە ڕۆمانەکەدا خراوەتەڕوو، هەروەها پەیوەندی نێوان شیعرییەتی کات بە ڕیتم و ڕێچکەکانی کاتی گێڕانەوە، پاشان ڕۆڵی لە پێکهێنانی بنیاتی کاتی گێڕانەوە نیشاندراوە، ڕۆماننوس گرنگییەکی تایبەتی بە لایەنی ئیستاتیکا و دروستکردنی شیعرییەتی کات لە ڕۆمانەکەدا داوە، سودی لە تەکنیکە جیاوازەکانی وەک: (خێرایی کردن و خاوکردنەوەی کاتی گێڕانەوە و ڕێچکەی دواخراو و پێشخراو) بۆ بەرهەمهێنانی شیعرییەتی کات لە ڕۆمانەکەدا وەرگرتووە.


**کلیلی وشەکان:** (شیعرییەتی کات، ڕیتمەکانی کاتی گێڕانەوە ، ڕێچکەکانی کاتی گێڕانەوە ، نیشتمانی سارا، میران ئەبراهام).


## ملخص:

عنوان الدراسة هو شعرية الزمن في رواية (نيشتمانى سارا) لـ (ميران أبراهام)، وهو جزء أساس للرواية، ومتعلق بتقنية السرد، بحيث لاوجود لأي سرد بدون وجود الزمن، إضافة لكون تقنية الزمن لها أهمية وتأثير لانتاج الشعرية الروائية، بحيث قمنا في هذه الدراسة ببيان أهمية الزمن واعتباره تقنية أساسية للرواية والشعرية الزمنية، وكذلك بيان العلاقة بين الشعرية بقواعدها وأساسياتها أثناء سردها، ودورها في تأسيس زمن السرد. واستنتجنا من الدراسة أن الروائي أعطى أهمية خاصة للجمالية والشعرية الزمنية في الروايات، وأفاد الروائي من تقنيات عديدة منها: (تسريـع وتبطيء السرد، الاسترجاع والاستباق) لانتاج شعرية الزمن في الرواية.


**الكلمات المفتاحية:** (شعرية الزمن، ميران أبراهام، نيشتيماني سارا، وصف زمن السردي، تقنية زمن السردي).


| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10531 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٣/٣/٧ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٥/١٥ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/٦/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | Rekar.hasan@su.edu.krd |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٤ ڕێکار عەلی حەسەن، پ.د.موحسین ئەحمەد عومەر، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

**Abstract:**

The title of the study is the poetics of time in the novel (nishtimane Sara) by (Miran Abraham), and it is an essential part of the novel, and is related to the narration technique, so that there is no narration without the presence of time, in addition to the fact that the time technique has an importance and influence for the production of narrative poetics, so that we did in this study By explaining the importance of time and considering it as a basic technique for temporal novel and poetics, as well as explaining the relationship between poetics with its rules and fundamentals during its narration, and its role in establishing the time of narration.

We concluded from the study that the novelist gave special importance to the aesthetic and temporal poetics in the novels, and the novelist benefited from many techniques, including: (accelerating and slowing down the narration, retrieval and anticipation) to produce the poetics of time in the novel

**Key words:** (The Poetics of Time, Miran Abraham, Nishtimani sara, Description of Narrative Time, The Technique of Narrative Time)

**پێشەکی:**

شیعریەتی کات پەیوەستە بە تەکنیکەکانی کاتی گێڕانەوە، لەبەرئەوە ڕۆماننووس لەناو ڕۆماندا دەبێت بە شێوەیەکی هونەری مامەڵە لەگەڵ تەکنیکەکانی کاتی گێڕانەوەدا بکات، چونکە شێوازەکانی گێڕانەوە ئیستاتیکا و شیعریەت لە ڕۆماندا دروست دەکەن، کە بۆ وەرگر سەرچاوەی چێژە ، یەکێک لە شێوازەکانی گێڕانەوەش بریتییە لە مامەڵەی ڕۆماننووس لەگەڵ جووڵەی کاتی گێڕانەوە، لە ڕووی خێرایی و خاوکردنەوەی کات لە ڕۆماندا، چونکە کاتی گێڕانەوە و کاتی چیرۆک هاوشانی یەکتر نین لەبەر ئەوە ڕۆماننووس بەخێرایی بەسەر هەندێک ڕووداو و کات و شوێن تێدەپەڕێت و خۆی لە زۆر بابەتی لاوەکی ڕزگاردەکات، یان هەندێک جار ڕۆماننووس پێویستی بەوەیە کە بابەتێکی کورت بە چڕی بگێڕێتەوە بەمەش خاوکردنەوەی کاتی گێڕانەوە دروست دەبێت، هەردوو جووڵەکەی کاتی گێڕانەوە واتە خێراییکردنەوە و خاوکردنەوەی کات جیاوازی لە نێوان کاتی گێڕانەوە و کاتی چیرۆک دروست دەکەن چونکە لە خێراییکردنەوەی کاتی گێڕانەوەدا کاتی گێڕانەوە کورتترە لە کاتی چیرۆک و لە خاوکردنەوەی کاتی گێڕانەوەش کاتی گێڕانەوە درێژترە لە کاتی چیرۆک.

گرنگی توێژینەوە: لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، شیعرییەتی کات لەگەڵ توخمەکانی تری ڕۆمان باسکراوە، بەڵام وەک و توێژینەوەیەکی سەربەخۆ دەربارەی شیعرییەتی کات کەمتر ئاوڕی لێدراوەتەوە، بۆیە ئێمە (شیعرییەتی کات لە ڕۆمانی (نیشتمانی سارا)ی (میران ئەبراهام) مان کردووەتە ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە.

گرفتی توێژینەوە: ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەیە، گرنگی کات لە ڕۆماندا چییە؟ کات چۆن شیعرییەت دروستدەکات؟ ڕۆماننوس سودی لە چ تەکنیکێک وەرگرتووە بۆ دروستکردنی شیعرییەت لە ڕۆمانەکەدا؟ ڕیتم و ڕێچکەکانی گێڕنەوە چ پەیوەندییەکیان بە شیعرییەتی کاتەوە هەیە؟

**میتۆدی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی (وەسفی- شیکاری) پەیڕەوکراوە.

**سنوری توێژینەوە:** سنوری ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە شیعریەتی کات لە ڕۆمانی (نیشتمانی سارا)ی (میران ئەبراهام)دا.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت:

## بەشی یەکەم: چەمکی شیعرییەت و چەمکی کات لەڕووی تیۆرییەوە باسکراوە، کە بەسەر دوو تەوەر دابەشکراوە.

**تەوەری یەکەم: چەمکی کات**

**تەوەری دووەم: شیعرییەتی کات لە ڕۆماندا**

**بەشی دووەم: باس لە شیعرییەتی کات لە ڕۆمانی (سارا)ی (میران ئەبراهام)دا کراوە، کە لە دوو تەوەر پێکدێت:**

**تەوەری یەکەم: پەیوەندی نێوان شیعرییەتی کات بە توخمەکانی گێڕانەوە.**

**تەوەری دووەم: پەیوەندی نێوان شیعرییەتی کات بە ڕێچکەکانی گێڕانەوە.**

## بەشی یەکەم: شیعرییەتی کات لە ڕووی تیۆرییەوە

### تەوەری یەکەم: پێناسە و چەمکی شیعرییەت:

شیعرییەت لە سەردەمی ئەرستۆوە تاوەکو ئێستا، بابەتی گفتوگۆی ڕەخنەگران بووە. پێناسەیەکی گشتگیر و یەکلاکەرەوە لە بارەی شیعرییەتەوە نییە. ڕەخنەگران بۆچوونی جیاواز لەم بارەوە دەخەنەڕوو. شیعرییەت بەهۆی فرە ڕەهەندی و پێکداچوون و ئاوێتەبوونی واتا و دەلالەتەکانی، ناساندنی وەک چەمکێکی ئەدەبی تاوەکو ئێستا وەک پرسێکی ئەدەبی گرنگ ماوەتەوە.

ئەرستۆ بۆ دروستبوونی شیعرییەتی دەق، زمان بە پێوەرێکی گرنگ دادەنێت، بۆ ئەم مەبەستەش باس لە بەکارهێنانی زمانێک دەکات، کە لە زمانی ڕۆژانە جیاواز بێت، لەبارەی زمانی شعرییەوە دەڵێت: ((ئەو زمانە شعرییەی وشەی نابەاوی تێدا بەکاربێ، بەرزی و شکۆمەندی تێدایە و لەسەروی ئاستی زمانی ڕۆژانەوەیە)) (ئەرستۆ، ٢٠١١، ل٨٣) زمان لە دەقی ئەدەبیدا بنەرەتێکی سەرەکییە، چونکە دەقی ئەدەبی کارکردنە لەناو خودی زماندا.

چەمکی شیعرییەت لە سەردەمی نوێدا و بەتایبەت لە سەدەی بیستەمدا، لەسەر دەستی کۆمەڵێک لە ڕەخنەگران و نووسەران لەوانە: (ڕۆمان یاکۆبسۆن، کۆهین...) گۆڕان و بەرەوپێشچوونێکی زۆری بەسەردا هات. بەتایبەتی لەگەڵ دەرکەوتنی فۆرمالیستەکان ئەم گۆڕان و بەرەوپێشچوونانە هاتنە ئاراوە. فۆرمالیستەکان لە کاری ئەدەبیدا بایەخیان بە دەق و سەربەخۆیی دەق دەدا. هەروەها بابەتی توێژینەوە لەلای فۆرمالیستەکان ئەدەب نەبوو بەڵکو ئەدەبیەت بوو. توێژینەوەیان لەم تایبەتمەندیی و ڕێسایانە دەکرد، کە ئەو دەقەی کردووە بە کارێکی ئەدەبی و لە کاری نائەدەبی جیای کردووەتەوە، شیعرییەتش یەکێک لەم ڕێسایانە بوو. فۆرمالیستەکان لە توێژینەوەکانیاندا بەدوای ڕێساکانی گوتاری ئەدەبیدا دەگەڕان.

(ڕۆمان یاکۆبسۆن)، کە یەکێک بوو لە ڕابەرانی میتۆدی فۆرمالیستە رووسەکان، تیۆرێکی لەبارەی ئەدەبیەت یان شیعرییەت داهێنا و لە تیۆرەکەی ئەودا شیعرییەت پەیوەستە بە ئەرکی شیعرییەوە، واتە هەر دەقێک، ئەرکی شیعرییەتی تێدا زاڵبوو، ئەوا دەقێکی شیعرییە. پێی وایە شعرییەت بە ئەرکی شعرییەوە گرێدراوە، شیعرییەتیش لە لای ئەو بریتییە لە زانستی ئەدەب.

(یاکۆبسۆن) لە بنیاتنانی شیعردا زمان بە گرنگ دەزانێت، شیعریەتی شیعریش بە زمانەوە دەبەستێتەوە و لە بارەی پەیوەندی شیعریەت بە زمانەوە دەڵێت:

((شیعرییەت بە تەواوی گرنگی بە بونیاتی زمانی دەدات، وەک چۆن وێنەکێشان گرنگی بە بونیاتی وێنە دەدات، بەو پێیەی زمانەوانی زانستی هەمەلایەنەی پێکهاتە زمانەوانییەکانە، دەکرێت شیعرییەت بە بەشێکی دانەبڕاو لە زمانەوانی هەژمار بکرێت))(یاکبسون، ١٩٨٨،ص ٢٤)

(کۆهین) بەهەمان شێوەی (یاکۆبسۆن) لە شیکردنەوەی تیۆرەکەیدا چەمکی شیعرییەت بە زمانەوانی دەبەستێتەوە. جەخت لەسەر شیعریەتی شیعر دەکاتەوە و شیعرییەت بە شیعرەوە پەیوەست دەکات. لە پێناسەی شیعرییەتدا دەڵێت: ((شیعرییەت زانستێکە بابەتەکەی شیعرە)) (کوهن، ١٩٨٦،ص ٩) بەڵام چەمکی شیعرییەت لەلای تۆدۆرۆف چەمکێکی گشتگیرە و تایبەتە بە هەموو ژانرە ئەدەبییەکانی وەک (شیعر، چیرۆک، ڕۆمان ...) تەنها تایبەت بە ژانرێک لە ژانرە ئەدەبییەکان نییە، زانستی هەموو ئەدەبە، چونکە شیعرییەت لە ڕوانگەی ئەودا فراوانتر دەبێت. واتە شیعرییەت: (شیعر و پەخشان لەخۆدەگرێت، چونکە هەردووکیان بە ئەدەبەوە پەیوەستن) (هدی، ٢٠١٢ ،ص ٢٦)، تۆدۆرۆف بە پێچەوانەی (یاکبسۆن، کۆهین) شیعریەتی تەنها بە شیعرەوە پەیوەست نەکردووە و شیعرییەت لەلای (تۆدۆرۆف) بریتییە: ((لە زانینی ئەو یاسا گشتیانەی کە لە دایکبوونی کارێکی ئەدەبی ڕێکدەخەن بەڵام جیاواز لەو زانستانە کە زانستی دەروونناسی و کۆمەڵناسییە، لەدوای ئەو یاسایانەش دەگەڕێت کە لە خودی ئەدەب خۆیدا هەن)) (طودوروف، ١٩٩٠،ص ٢٣) چەمکی شیعرییەت بە ڕای تۆدۆرۆف کۆمەڵێک یاسا و تایبەتمەندییە، کە کاری ئەدەبی لە کاری نا ئەدەبی جیادەکاتەوە، ئەو یاساو تایبەتمەندیانەش لە ناو دەقی ئەدەبیدا هەن و شیعریەتیش گەرانە بە دوای ئەو یاساو تایبەتمەندیانەی، کە کاری ئەدەبی بەرهەم دەهێنن. دەقی ئەدەبی خۆی شیعرییەت نییە بەڵکو ئەو یاسا و تایبەتمەندیانەی، کە ئەم دەقەی بنیات ناوە شیعرییەتە. دەقی ئەدەبی پێکهاتەیەکی ئاڵۆز و فرە ڕەهەندی لە خۆیدا هەڵگرتووە، لەبەرئەوەی لە نەستی نووسەرەوە سەرچاوەی گرتووە و نەستی نووسەریش بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ، بەناویەکداچوونێکی ئاڵۆزی هەموو زانستەکانە، کە ڕەنگدانەوەی لەسەر دەقی ئەدەبی هەیە. کەواتە ((کاری ئەدەبی لەخۆیدا هەڵگری شیعرییەت نییە، بەڵکو ئەوەی کە شیعرییەتی ئەدەبی زیاد دەکات ئەو تایبەتمەندی و بنەمایانەیە کە دەقی ئەدەبی لەسەر هەڵدەچنرێت)) (طودوروف، ١٩٩٠، ص٢٣) واتە ئەوە تایبەتمەندی و یاساکانی دەقی ئەدەبییە، کە دەبنە بابەتی شیعرییەت.

شیعرییەت لە ناو خودی دەقەکاندا، لە شێوەی گوتاردا، بەرجەستە دەبێت و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەرجەستە نابێت. شیعرییەت لە دیدی( تۆدۆروف) تیۆرێکە بۆ داڕشتن و بونیاتنانی گوتاری ئەدەبی، کە یاسا و تایبەتمەندییەکانی کاری ئەدەبی دەردەخات، کە سەرچاوەی شیعرییەتن، بۆیە شیعرییەت لە گوتاری ئەدەبیدا گەڕانە بەدوای ئەو یاسا و تایبەتمەندیانەی کە گوتاری ئەدەبی جیادەکەنەوە لە گوتارە نا ئەدەبییەکان. شیعرییەتیش لە گوتاری ئەدەبیدا تەنها بە زمانەوانییەوە پەیوەست نییە، بەڵکو بە چەمکەکانی تری وەک (تەکنیک و شێوازگەری و ڕەوانبێژی و ئیستاتیکا و سیمۆلۆژیا ... هتد) پەیوەستە. بوونی ئەم ڕەهەندانە لە ناو دەقدا، کاری ئەدەبی بەرهەم دەهێنێت و دەبنە هۆی ئەوەی گوتاری ئەدەبی لە گوتاری نائەدەبی جیابکەنەوە. واتە زمانی ئاسایی دەگۆڕن بۆ زمانێکی نایاسایی، ئەمەش لە کاری ئەدەبیدا سەرچاوەی شیعرییەتە.

(کەمال ئەبو دیب) کە یەکێکە لە ڕەخنەگرانی نوێ ی عەرەب و کاریگەری شیعرییەتی ڕۆژئاوا، لە بۆچوونەکانیدا دەربارەی شیعرییەت ڕەنگی داوەتەوە. شیعرییەت لە ڕوانگەی کەمال ئەبو دیبدا بەهۆی پەیوەندییە زمانییەکان دروست دەبێت و بەبێ پەیوەندییە زمانییەکان واتە بارودۆخە سروشتییەکانی زمان شیعرییەت دروست نابێت، بەڵکو دەبێت نووسەر سورشتێکی تازە و جیاواز بە وشەکان بدات و جیای بکاتەوە لە زمانی ئاسایی یان سروشتە جێگیرەکەی لەبەرئەوە لە دیدی ئەودا ((شیعرییەت وێناکردنێکی باڵایە و چەند دوانەیەکی دژیەک دادەهێنێت یان ئەوەیە زمان لە شوێن و ئاستێکی نوێدا جێگیر دەکات)) (ابراهیم ، ٢٠٠٥،ص ١٢) کەوتە بە بۆچوونی کەمال ئەبو دیب بەکارنەهێنانی وشەکان بۆ واتای دروست و فەرهەنگی و دەرکردنیان لە سروشتە جێگیر و فەرهەنگییەکەی و سروشتێکی تازە بە وشەکان دەدات و شیعرییەت دروست دەکات.

ئەم شێوازە مەوادایەک لە نێوان زمانی ئاسایی و زمانی جێگیر دروست دەکات، کە ئەمەش بە پێی تیۆرەکەی ئەو، تیۆری (بۆشایی(کەلێن): یاخود مەودای گرژی یان پشێویی) شیعرییەت دادەهێنێت. هەرچەندە ڕادەی پشێویی یان گرژییەکە زیاتر بێت کاریگەری شیعریەتییەکەش زیاتر دەبێت. واتە (( تا بۆشایی (کەلێن)) دروستکراو یان دۆزراوە، فراونتر بێت وێنەکە قوڵتر و شیعریی تر و دەوڵەمەندتر دەبێت))(ابو دیب، ١٩٨٧،ص ٤٧).

نەتەوەی کوردیش وەک هەر نەتەوەیەکی دیکە، خاوەن ئەدەبیاتێکی تایبەت بەخۆیەتی. شێواز و بیرکردنەوە و فەلسەفەی ژیانی، لەناو ژانرە ئەدەبییەکانی وەک شیعر، چیرۆک، ڕۆمان، دەرکەوتووە. ئەم ژانرانەش پەیوەستن بە شیعرییەتەوە، چونکە هەموو کارێکی ئەدەبی بە هۆی شیعرییەتەوە، لە کاری نائەدەبی جیادەکرێتەوە. لەبەرئەوە چەمکی شیعرییەت لەنێو رەخنەگرانی ئەدەبی کوردیدا وەک ڕەهەندێکی گرنگی ئەدەبی، گرنگی پێدراوە.

عەزیز گەردی یەکێکە لەم نووسەرانەی، باسی لە شیعرییەت کردووە و شیعرییەتی لە وشەدا کورت نەکردووەتەوە و بە ماناوە پەیوەستی کردووە. بە پێچەوانەی بەشێک لە ڕەخنەگران شیعرییەت لە واتا دانابڕێت و تەنها بە وشەوە پەیوەستی نەکردووە. لەبارەی شیعرییەتەوە دەڵێت: ((شیعرییەت تەنیا لە وشەدا نییە و وشەکە خۆی لە وشەکانی تر جیاناکاتەوە، بەوەی ئەوە شیعرییەتی تیایەو ئەوانی تر نا بەڵکو پەسندی و جوانی و شیعرییەتی وێنە، لەو مانا قوڵ و هەست و نەستە شاراوەدایە کە تیایەتی))(گەردی، ١٩٧٤،ل ٦١). واتە شیعرییەت تەنها لەم وشانەدا نییە، کە لادانیان تێدایە و بۆ مەبەست و واتای فەرهەنگی بەکارنەهاتوون، بەڵکو ئەوەی شیعرییەت لە گوتاری ئەدەبیدا دروست دەکات، وێنا و مانای ئەو دەربڕینانەیە، کە لە وشە و ڕستە و پەرەگرافەکاند بەرجەستەدەبن، ناتوانین وشە لە دەوروبەرەکەی جیابکەینەوە، چونکە لە گوتاری ئەدەبیدا وشە بەتەنها شیعریەت دروست ناکات، ئەگەر مانا و مەبەستێکی ئیستاتیکی نەبێت و بە وشەکانی تر نەبەسترابێتەوە و گونجانی نەبێت لەگەڵ دەوروبەرەکەی و وێنایەکی قوڵ و جوانی دروست نەکردبێت.

شیعرییەت بریتییە لە: تێکشکاندن و لادان و نامۆکردنی زمان بە دۆخ و باری بنەڕەتی خۆی. پاشان لە گوتاری ئەدەبی دا، دووبارە بنیاتنانەوەی زمانە، لە لایەن نووسەر لە ئاستە جیاوازەکانی زمان. شیعرییەت لە لایەن خوێنەرەوە، خوێندنەوەی جیاوازی دەقە و گەیشتنە بە ڕێسا و تایبەتمەندییە شاراوەکانی دەق. هەروەها خوێنەر بەپێی ڕەهەندە جیاوازەکان و ئەزموونی خۆی بە بەشێک لە ڕێسا و تایبەتمەندییەکانی بنیاتی دەقەکە دەگات، ئەمەش، شیعرییەتی خوێندنەوە دروست دەکات. نابێت هەموو لادانەکان لە ئاستی چاوەڕوانی خوێنەردا بێت. شیعرییەت تەنها ژانرێکی ئەدەبی ناگرێتەوە، بەڵکو کۆی ئەم ژانرانە ئەدەبیانە دەگرێتەوە، کە لە توخمە پێک هێنەرەکانی بنیاتی دەقدا، لادان هەیە و لە زمانی ئاسایی جیای دەکاتەوە، هەروەها شیعرییەت کۆی ئەو یاسا و تایبەتمەندیانە دەگرێتەوە، کە بنیاتی گوتاری ئەدەبی پێک دەهێنێت و گوتاری ئەدەبی جیا دەکاتەوە لە گوتاری نائەدەبی. ئینجا لادانەکانی لە ئاستی وشە یان رستە یان گوتاردا بێت.

## تەوەری دووەم: شیعرییەتی کات لە ڕۆماندا

کات توخمێکی سەرەکی ڕۆمانە و بەیەکێک لە توخمە گرنگەکان دادەنرێت کە لەگەڵ توخمەکانی تری ڕۆمان وەک شوێن و کارەکتەر و ڕووداو بنیاتی ڕۆمان پێکدەهێنن، چونکە ناتوانین باس لە ئیستاتیکای کات بکەین و جوانییەکانی دەست نیشان بکەین بەبێ شوێن و ڕوداو و کارەکتەر. پێشکەوتن و گەشەسەندنی ڕووداوەکان بە پێشکەوتن و گەشەسەندنی کارەکتەرەکان گرێدراوە لە ماوەی کاتێکی دیاریکراودا. کەواتە کات پایەیەکی گرنگی گێڕانەوەیە لەبەرئەوە شیعرییەتی ڕۆمان پەیوەستە بە شیعرییەتی کاتەوە. شیعریەتی کاتیش پەیوەندی هەیە، بە چۆنییەتی مامەڵەی ڕۆماننووس لەگەڵ ڕەهەندەکان و تەکنیکەکانی کات لە ڕۆماندا.

لە پرۆسەی گێڕانەوەشدا دووجۆر کاتمان هەیە کاتی چیرۆک و کاتی گێڕانەوە، مەبەست لە کاتی چیرۆک ((ئەو زەمەنەیە، کە دەبێت ڕووداوەکانی لە ئاستی چیرۆکدا ڕووی دابێت، ئەو زەمەنە بە زەمەنێکی دەرەکی دادەنرێت))(ئەڵوەنی: ٢٠١١،ل ٣٥). کاتی چیرۆک ئەو کاتەیە کە ڕووداوەکان بە شێوەی زنجیرەیەکی زەمەنی بەدوای یەکتردا دێن چونکە ڕەهەندێکی مێژوویی هەیە، زەمەنی ڕووداوەکان بەپێی رابردوو و ئێستا و داهاتوو بەدوای یەکتردا دێت، هەروەها مادەیەکی خاوە بۆ کاتی گێڕانەوە، جیاکردنەوەی لە کاتی گێڕانەوە بەهۆی ((بە خوێندنەوەی دەقەکە بەدەردەکەوێت، هونەری کورتکردنەوە و دووبارەکردنەوە و لابردن و بازدان و بڕین، دەوری سەرەکیان لە بیناسازی ئەودا دەبێت، هەر بەهۆی ئەمانەشەوە لە زەمەنی یەکەم جیادەکرێتەوە ))(ئەڵوەنی: ٢٠١١، ٣٦). کاتی گێڕانەوە کاتێکی دەروونی و ناوەکی یە، تێکشکاندنی ئەو ڕیزبەندییەی کاتە کە لەکاتی چیرۆکدا هەیە و لەکاتی گێڕانەوە بگێڕەوە پابەندی ئەو ڕیزبەندییە نابێت و ڕیزبەندییە کە تێکدەشکێنێ بۆیە

زۆرجار بگێڕەوە لە ئێستای گێڕانەوە دەست پێدەکات و هەندێک جار لەبری ئەوەی بەرەو ئاینده بڕوات بەرەو ڕابردوو دەگەڕێتەوە، دواتر بۆ ئاینده و دووباره دەگەڕێتەوە ئێستا، واته لەنێوان کاتەکانی ڕابردوو و ئێستا و ئاینده هاتووچۆ دەکات. کاتی چیرۆک و کاتی گێڕانەوە هاوتەریب نین و بگێڕەوە لە پێش و پاش خستنی کاتی گێڕانەوە ئازادە ئەمەش شیعرییەتی کات لەناو ڕۆماندا دروست دەکات.

شیعرییەتی کات بەتایبەتیش شیعرییەتی کاتی گێڕانەوە بە وەرگرەوە پەیوەستە، چونکە وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا جیاکردنەوەی کاتی چیرۆک و کاتی گێڕانەوە بەهۆی خوێندنەوەوە دەردەکەوێت. لەبەرئەوە ئەزموونی وەرگر لەکاتی خوێندنەوەی ڕۆماندا ڕۆڵی هەیە لە درککردن بەو شیعرییەتەی کە ڕۆماننووس بەهۆی یاری کردن بەکاتەکانی ڕابردوو و ئێستا ئاینده دروستی کردووە. ئەمەش سەرچاوەی دروستبوونی شیعریەتە، چونکە ئاستی چاوەڕوانی لە خوێنەر تێکدەشکێنێ و وا لە خوێنەر دەکات بۆ زەمەنە جیاوازەکانی ڕووداوەکان بگەڕێتەوە تا لە ئێستای گێڕانەوە تێبگات، کە ئەمەش لە ڕێگەی تەکنیکەکانی (فلاش باگ، مۆنۆلۆگ، خۆدواندن...) دێتە کایەوە، واته شیعرییەتی کات پەیوەندی بەم شێوازەوە هەیە کە بگێڕەوە لەناو ڕۆماندا چۆن یاری بە کاتی گێڕانەوە دەکات بە هۆی تەکنیکەکانی کاتەوە و کات تێکدەشکێنێت.

کاتی چیرۆک و کاتی گێڕانەوە لە ڕووی خێرایی و خاوکردنەوە وەکو یەک نین، واته بگێڕەوە لە کاتی گێڕانەوەدا دەتوانێت ڕوداوێکی چەند ساڵە لە کاتێکی کورتدا لەچەند دێرێکدا کورت بکاتەوە بەهۆی لابردن و کورتکردنەوە و ئاماژەپێدانەوە بەمەش کاتی گێڕانەوە کورتتر دەبێت لە کاتی چیرۆک، واته کاتی گێڕانەوە خێراتر دەبێت لە کاتی چیرۆک یان بە پێچەوانەوە ڕوداوێکی کورت و چەند دەقیقەیی درێژبکاتەوە و بە درێژی باسی بکات بەهۆی وەسفی شوێن و کارەکتەرەوە ئەوەش وادەکات کاتی گێڕانەوە درێژتربێت لە کاتی چیرۆک، ئەوەش بۆ خاوکردنەوەی کاتی گێڕانەوە بە بەراورد بە کاتی چیرۆک بەکاردەهێنرێت. ئەم تەکنیکی خێرایی و خاوکردنەوە لە کاتی گێڕانەوە بە بەراورد بەکاتی چیرۆک شیعرییەت لەناو دەقی ڕۆماندا دروست دەکەن، جگە لە لادان و تێکشکاندن و بەزاندنی زمانی ئاسایی لە ئاستی وشە و ڕستە و گوتاردا، کە بەگشتی سەرچاوەیەکی گرنگی دروستکردنی شیعرییەتی ڕۆمانن.

## بەشی دووەم: شیعرییەتی کات لە ڕۆمانی (نیشتمانی سارا)ی (میران ئەبراهام)دا

تەوەری یەکەم: پەیوەندی نێوان شیعرییەتی کات و ڕیتمەکانی گێڕانەوە:

یەکەم: خێراییکردنەوەی گێڕانەوە: خێراییکردنەوەی گێڕانەوە تەکنیکێکی جووڵەی کاتی گێڕانەوەیە، ڕۆماننووس لەڕێی هەندێک تەکنیکەوە، کە پەیوەستن بە خێراییکردنەوەی کاتی گێڕانەوە، ئیستاتیکا و شیعرییەت لەناو ڕۆمان و لەلای وەرگر دروست دەکات. ڕۆماننووس بەهۆی دوو تەکنیکی دیاریکراو جووڵەی کاتی گێڕانەوە خێرا دەکات کە بریتیین لە:

١-لابردن

یەکێکە لە تەکنیکەکانی خێراییکردنەوەی کاتی گێڕانەوە بریتییە لە لابردنی بەشێکی کاتی چیرۆکەکە، واته ڕۆماننووس بەهۆی ئەم تەکنیکەوە زەمەنێکی درێژ یان کورت لە کاتی چیرۆک لادەبات باسی ئەم ڕووداو و بەسەرهاتانەی کە لەم ماوەیەدا ڕوویانداوە، ناکات، یان ڕۆمانووس بەشێک لەم ڕووداوانەی کاتی چیرۆک بە پێویست نازانێت کە لەکاتی گێڕانەوەدا باسیان بکات، لەبەرئەوە تەکنیکی لابردن بەکاردەهێنێت. ئەمەش لە کاتی گێڕانەوەدا بۆشایی دروست دەکات، بەڵام ئەم بۆشاییە هیچ کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر پرۆسەی گێڕانەوەکە دروست ناکات، بە پێچەوانەوە ئەم لابردنە وادەکات، کە کاتی گێڕانەوەکە کورت و پوخت بێت. ڕۆماننووس بە کۆمەڵێک دەستەواژە ئەم بۆشاییانە پڕدەکاتەوە و ئاماژە بەم لابردننانە دەکات، کە بەهۆی تەکنیکی لابردنەوە دروست بووینە، وەرگریش لەم دەستەواژانە تێدەگات. کەواتە لابردن بریتییە لەم تەکنیکەی کە ((بەشێک لە چیرۆکەکە لە کاتی گێڕانەوەدا باس ناکرێت و بە شێوەیەکی تەواو بێدەنگی لێ دەکرێت)) (بحراوي، ١٩٩٠، ص١٥٦) تەکنیکی لابردن زیاتر چێژ بە ڕۆمانەکە دەدات و شیعرییەت لە ڕۆمانەکەدا دروستدەکات، کە ڕۆماننووس بۆ خێراکردنی جووڵەی کاتی گێڕانەوە بەکاری دەهێنێت. لابردن دەبێتە دوو جۆر، کە بریتین لە:

آ-لابردنی دیاریکراو: لەم جۆرە لابردنەدا بگێڕەوە بە چەند دەستەواژەیەکی ئاشکرا و ڕوون ئاماژە بە ماوەی نێوان کاتە لابراوەکە دەکات، بەڵام باس لە چۆنییەتی ڕووداوەکان ناکات، تەنها ماوە لابراوەکە بە ڕۆژ یاخود هەفتە و مانگ دەخاتەڕوو. لە ڕۆمانی نیشتمانی سارا بگێڕەوە ئەم تەکنیکەی لە زۆرشوێن بەکارهێناوە. یەکێک لە نموونەکانی لابردنی دیاریکراو لە ڕۆمانی نیشتیمانی سارا بریتییە لەم نموونەیەی خوارەوە، کاتێک بگێڕەوە دەڵێت: ((دە ساڵ بەسەر مردنی باپیرە خایمدا تێپەڕیبوو، ڕۆژی پێنجشەممەی مانگی دەی ساڵی دوو هەزار و شەش بوو، ئێوارە درەنگ، کاتێک ئارۆن لە زانکۆ گەڕایەوە، سالار بەبێ ئەوەی گوێ بە نانخواردنی ئێوارەیان بدات، خەریکی شەراب خواردنەوە بوو... )) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، لا ٤٤٣). ماوەی لابراو لەم نموونەیە دەساڵە، بگێڕەوە باسی ئەو ڕووداوانەی لە ماوەی ئەم دەساڵە ڕوویان داوە ناکات و یەکسەر دێتە سەر دوای ئەم دەساڵە و باسی بارودۆخی ژیانی سالار دەکات، لە دوای ئەم دەساڵە. ناوەڕۆکی ئەم نموونە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە باپیرە خایم و سالار و خێردا و ئارۆن دوای ئەوەی لە هۆڵەنداوە بۆ کوردستان دەگەڕێنەوە و دواتر دوای دوو ڕۆژ پاش هاتنەوەیان بۆ کوردستان باپیرە خایم دەمرێت. بگێڕە لە داوی مردنی باپیرە خایم بە مەبەستی جوانکاری و دروستکردنی شیعرییەت لە ڕۆمانەکە، تەکنیکی لابردنی دیاریکراوی بەکارهێناوە. بەهۆی لابردنی ئەم ماوەیە، بۆشایی لە نێوان پێش ماوەی لابراو و داوای ماوە لابراوەکە دروست بووە، ئەم بۆشاییەشی بە دەستەواژەی (دەساڵ) پڕکردۆتەوە و کاتی گێڕانەوەی پێ پوخت و کورت کردۆتەوە، ئەمەش هیچ کاریگەر نەرێنی لەسەر گێڕانەوەکە دروست نەکردووە، بەڵکو شیعرییەتی زیاتری بە ڕۆمانەکە بەخشیووە. ئەم لابردنە وایکردووە کاتی گێڕانەوە خێراتر بێت لە کاتی چیرۆک و بگێڕەوە ئەم کاتە مێژووییەی تێک شکاندووە، کە لە کاتی چیرۆکدا هەیە.

ب-لابردنی دیارینەکراو: بگێڕەوە لەم جۆرە لابردنەدا ماوەی نێوان کاتە لابراوەکە دیاری ناکات و بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا ئاماژەی پێ نادات، بەڵکو دەبێت خوێنەر خۆی درک بە ماوەی کاتە لابراوەکە بکات، بە شێوەیەکی گریمانەیی، واتە بگێڕەرەوە ژمارەی ڕۆژ و هەفتە و مانگ و ساڵ ناخاتەڕوو و تەنها بە شێوەیەکی نادیار دەیانخاتەڕوو، بۆیە وەرگر دەبێت ((لە ڕێی بەستنەوەی ماوەی ڕووداوەکانی لەوەو پێش و لەمەو پاشەوە درکیان پێ بکات و بە شێوەیەکی گریمانەیی کاتە لابراوەکان بپێوێت)) (ئەڵوەنی، ٢٠٠٤،ص ٢٦٣). لە ڕۆمانی نیشتمانی سارا لە یەکێک لە نموونەکانی لابردنی دیارینەکراو ڕۆماننووس لە ڕێی بگێڕەوەی هەمووشتزانەوە دەڵێت:

((چەند مانگێک بەسەر هاوسەرگیرییاندا تێپەڕی و هێشتا سابات ڕێگای بە حەکیم نەدابوو، وەکو مێردی دەستی بەر دەستی بکەوێت، حەکیمی نەداوند و تەنانەت بۆ جارێکیش چییە لێی نەڕوانیبوو))(ئەبراهام، ٢٠٢٠،لا ٢٢٣). ناوەڕۆکی ئەم گێڕانەوەیەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سابات پێش ئەوەی هاوسەرگیری لە گەڵ حەکیم بکات خۆشەویستی سوارە بووە و بەبێ ڕەزامەندی خۆی هاوسەرگیری لەگەڵ حەکیم دەکات لەبەرئەوە دوای خوازبێنی و گواستنەوەی بۆ سلێمانی، سابات بیری هەر لای سوارەی دڵخوازیەتی دوای ئەمە بگێڕەوە بەشێک لە کاتی چیرۆک لە ڕێی تەکنیکی لابردنی دیارینەکراوەوە لادەبات، ماوەی لابردنە دیارینەکراوەکەش بە دەستەواژەی (چەند مانگێک بەسەر هاوسەرگیرییاندا تێپەڕی) دەخاتەڕوو. بگێڕەوە لەم نموونەیەدا، باسی ئەم پەیوەندییە ساردەی نێوان سابات و حەکیم دەکات. ماوەی لابراو، چەند مانگێکە بەڵام نازانین ماوە لابراوەکە بە دروستی چەند مانگە، چونکە ئاماژەی بە ژمارەی مانگە لابراوەکان نەکردووە. واتە ئەو ماوەیەی کە نەخراوەتە ناو کاتی گێڕانەوەکە، بە شێوەیەکی گریمانەیی و گشتی ئاماژەی پێداوە. ئەمەش نا هاوسەنگی لە نێوان کاتی گێڕانەوە و کاتی چیرۆک دروست کردووە و ئەم ناهەوسەنگیەش نەوەک هەر لەنگی لە کاتی گێڕانەوە درووست نەکردووە، بەڵکو وای کردووە چێژی زیاتر بە وەرگر بدات و کاتی گێڕانەوەشی کورت و پوخت کردۆتەوە. خوێنەر لە کاتی خوێندنەوە هەست بەم لابردنە دەکات و بەبێ ئەوەی کاریگەریی نەرێنی بکاتە سەر پرۆسەی گێڕانەوەکە، لەبەرئەوە ئەم نا هاوسەنگی و بۆشاییەی نێوان کاتی گێڕانەوە و کاتی چیرۆک شیعریەتی لە دەقەکەدا دروست کردووە، چونکە کاتی گێڕانەی خێرا کردووە بگێڕەوە بە ئاگاییەوە کاتی گێڕانەوەکەی خێرا کردووە و ئەم تەکنیکەی بەکارهێناوە بە مەبەستی ئیستاتیکا و دروستکردنی شیعرییەت لە گێڕانەوەکەدا.

٢-کورتکردنەوە: یەکێکە لەو تەکنیکانەی، کە بۆ خێراکردنی کاتی گێڕانەوە بەکاردێت، چڕکردنەوە و کورتکردنەوەی ماوەی درێژی کاتی ڕووداوەکانە، بگێڕەوە باسی وردەکاری ڕووداوەکان ناکات و بەخێرایی و بە شێوەیەکی گشتی ئەو ڕووداوانەی لە چەند ڕۆژێک یاخود چەند

هەفتە و مانگ وساڵدا ڕوویان داوە، بگێڕەوە لە چەند دێڕێکدا یاخودا لە چەند لاپەڕەیەکی کەمدا دەیانخاتەڕوو، واتە بگێڕەوە بەخێرایی بەسەر ئەو ڕووداوانە تێ دەپەڕێت، کە لە ماوەیەکی کاتی دوور و درێژ ڕوویانداوە، بۆ ئەوەی تەنها ئەو ڕووداوانەی، کە بۆ پرۆسەی گێڕانەوەکە گرنگ و پێویستن بیان خاتەڕوو و خۆی لە بابەتی لاوەکی و درێژداڕی بپارێزێت، لەبەرئەوە ڕۆماننووس بە ئاگاییەوە ئەم تەکنیکە بەکاردەهێنێت، ئەوەش کاریگەری نەرێنی لەسەر پرۆسەی گێڕانەوەکە دروست ناکات، واتە ڕۆماننووس ((کاتێک هەست بکات ماوەیەک لە ژیانی کەسانی ناو چیرۆکەکە هەیە، کە گرنگییەکی ئەوتۆیان نییە و لادانیان کار ناکاتە سەر بینای هونەری چیرۆکەکە... لەبەرئەوە کورتیان دەکاتەوە بە خێرایی بەسەریاندا ڕەت دەبێت))(سابیر، ٢٠٠١، ل ٣٠٣). بە مەبەستی ئەوەی، تا خوێنەر لە کاتی خوێندنەوە، چێژ لە دەقە وەربگرێت و لە چاوەڕوانی ڕووداوە گرنگەکاندا نەی هێڵێتەوە و هەست بە بێزاریی نەکات و خوێنەر بۆ ناو ڕووداوە گرنگەکان کێش بکات. ئەمەش چێژی خوێندنەوە و شیعرییەت لە دەق و لای وەرگیرش دروست دەکات، لەم تەکنیکەدا کاتی گێڕانەوە بە بەراورد بە کاتی چیرۆک کورتترە.

لە ڕۆمانی نیشتیمانی سارا، چەندین نموونەی کورتکردنەوەمان هەیە و بگێڕەوە لە یەکێک لە نموونەکانی کورتکردنەوە، لە ڕێی بگێڕەوەی هەمووشتزان، کورتەیەک لە ژیانی مەلا ڕەحمان دەخاتەڕوو، کە یەکێکە لە کارەکتەرە لاوەکییەکانی ناو گێڕانەوەکە و پێشتر لە بەغداد هاوڕێی خایم بووە. دواتر سالار و سارا بۆ سەلامەتی گیانی خۆیان، بۆ لای مەلا ڕەحمان دێن، بگێڕەوە لە چەند دێڕێکدا بە تەکنیکی کورتکردنەوە ژیاننامەی مەلا ڕەحمان دەخاتەڕوو، بۆیە چەندین وردەکاری و ڕووداوی لە لە ژیانی مەلا ڕەحمان کورتکردووەتەوە و بەکورتی ڕووداوەکانی ژیانی دەخاتەڕوو، وەک لە نموونەکەدا دەردەکەویت، کاتێک دەڵێت: ((مەلا ڕەحمان کە خۆی ناوی یوسف حمو بوو، پێش ئەوەی ببێت بە مەلا، لە قوتابخانەی حاموراپی بنەڕەتی گەڕەکی کەرادە لە شاری بەغداد مامۆستای زمانی عەرەبی بوو، لە ساڵی ١٩٤٨ لە ڕۆژانی فەرهودەکەی ئەو ساڵەدا ماڵەکەی لە لایەن گروپە عەرەبە دژە زایۆنیستەکانەوە تاڵان دەکرێت و دەسوتێندرێت ئەو ڕۆژە یوسف حمو خۆی لە ماڵ نابێت عەرەبە توند ڕەوەکان سەری سوهام حەمدانی دەتاشن و مەمکی دەبرن و بە درەختی حەوشەکەیاندا هەڵی دەواسن، ئەو دەم یوسف حمو شەش مانگ بوو هاوسەرگیری لە گەڵ سوهام حمدامدا کردبوو، دوای ئەم ڕووداوە ناچار یوسف حمو بەتەنیا بۆ شاری سلێمانی هەڵدێت ناوی خۆی بە ڕەحمان عبدڵلا قادر دەگۆڕێت، هەر هەمان ساڵ لە مزگەوتی خانەقای شاری سلێمانی دەچێتە حوجرە و دوای پانزە ساڵ بڕوانامەی مەلایەتی وەردەگرێت ))(ئەبراهام، ٢٠٢٠،ل ٢٢٦- ٢٢٧). بگێڕەوە لەم نموونەیەدا، ڕووداوەکان بە شێوەیەکی گشتی دەخاتەڕوو، بەبێ ئەوەی باسی وردەکاری ڕووداوەکان بکات، ئەمەش خێرایی بە کاتی گێڕانەوە داوە و تێپەڕینێکی خێرا بەسەر چەندین ڕووداو دەکات، بە چەند ئاماژەیەک کاتی ڕووداوەکان کورت دەکاتەوە و بەیەکیان دەبەستێتەوە، واتە بۆشاییە کاتییەکان بە ئاماژەکردنێکی کورت دەخاتەڕوو، بگێڕەوە نایەوێ خوینەر لە چاوەڕونی ڕووداوە سەرەکی و گرنگەکاندا بهێڵێتەوە و تامەزرۆیی لەدەست بدات. تەکنیکی کورتکردنەوەی کاتی گێڕانەوە چێژی زیاتر بە دەق و وەرگر دەدات و ئەوەش وای کردووە شیعرییەتی زیاتر، لە ناو دەق و لە لای وەرگر درووست بێت، چونکە لەم تەکنیکەدا کاتی گێڕانەوە کورتترە بە بەراورد بە کاتی چیرۆک.

## تەوەری دووەم: پەیوەندی نێوان شیعرییەتی کات و خاوکردنەوەی گێڕانەوە

خاوکردنەوەی گێرانەوە، یان خاوکردنەوەی گێرانەوە پێچەوانەی خێرایی کردنەوەی گێڕانەوەیە، بگێڕەوە هەندێک جار سەرنجی وەرگر لەسەر شوێنێک یان کارەکتەرێک یان هەر دیاردەیەک لە دیاردەکانی ناو ڕۆمان ڕادەگرێت بە مەبەستی خاوکردنەوەی گێڕانەوە. خاوکردنەوە بە هەمان شێوەی خێراییکردنی گێڕانەوە، ئیستاتیکا لە دەقدا دەخوڵقێنێت و شیعرییەت لای وەرگر دروستدەکات یەکێک لەم تەکنیکانەی کە لە خاوکردنەوەی گێڕانەوەدا بەکاردێت بریتییە لە وەسف.

یەکەم: گرنگی وەسف: وەسف تەکنیکێکی گرنگی ڕۆمانە و پەیوەندی بە شوێن و کارەکتەر و کاتی گێڕانەوە هەیە. ڕۆماننووس بەهۆی ئەم تەکنیکەوە وەسفی شوین یان کارەکتەر یان هەر دیاردەیەک لە دیاردەکانی ناو ڕۆمان دەکات. ئەم تەکنیکە بۆ خاوکردنەوەی جوولەی کاتی گێڕانەوە هێوردەکاتەوە وئەمەش شیعرییەتی کات لە ڕۆماندا درووست دەکات. شێوازی بنیاتنانی لە ڕۆمانی کلاسیک و کۆندا جیاوازە،

وەسف لە سەرەتادا، زیاتر بۆ لایەنی جوانکاریی و ڕازاندنەوەی ڕۆمان بوو، یاخود پیشاندانی دیوی دەرەوەی شتەکان بووە، دیوە شارەوەکانی شتەکان و کارەکتەرەکانی پیشان نەدەدا، واتە وەسف ((تەنیا ڕەگەزێکە بۆ ڕازاندنەوە و جوانکاری دەق، لەبەرئەوە تا ڕادەیەک لەم وێنە و پەیکەرانە دەچوو، کە لە ڕازاندنەوەی کۆشک و تەلارە کلاسیکییەکاندا بەکاردەهات و یەکێک بوو لە شێوەکانی جیاکردنەوە و ناسینەوەیان)) (الساعدی، ٢٠٠٠،ص ١٣). وەسف وەک پاشکۆیەکی گێڕانەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا و بوونێکی سەربەخۆی نەبوو. بەڵام وەسف لە ڕۆمانی نوێدا گۆڕانی بەسەردا هات و بەیەک ئەرکەوە پەیوەست نەبوو، ئەرکەکەی تەنها لە چوارچێوەی ڕازاندنەوە و جوانکاریدا نەمایەوە و بەڵکو وەسف توانی بۆ قوڵایی دیووە شاراوەکانی کەسایەتییەکان و شتەکان شۆڕبێتەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی پەیوەندییەکی تەواوکەری لە نێوان وەسف و گێرانەوە دروست ببێت، وەسف ببێتە بەشێکی گرنگ و تەواوکەر بۆ گێڕانەوە و ئاوێتەی ببێت. ئەم جۆرە وەسفە ناکرێ لابیرێ و لابردنی کاردەکاتە سەر بنیاتی ڕۆمانەکە. هەروەها وەسف بە شێوازەکانی گێڕانەوەوە پەیوستە.

لە شوازی گێڕانەوەی بابەتیدا بگێڕەوە هەمووشتزانە و بگێرەوە بەهۆی وەسفەوە دیکۆری شتەکان و کرداری کارەکتەرەکانمان بۆ دیاری دەکات، بەڵام لە شێوازی گێڕانەوەی خودیدا بگێڕەوە تێکەڵ بە باری دەروونی کارەکتەرەکان دەبێت و بۆ دیوی ناوەوەیان شۆڕدەبێتەوە و تەنها چوارچوارچێوە و دیکۆڕی کاراکتەر و شتەکان پیشان نادات. لەبەرئەو وەسف لە شێوازی گێڕانەوەی بابەتی و خودیدا جیاوزاوە و لە ((گێڕانەوەی بابەتیدا بگێڕەوە بەهۆی وەسفەوە چوارچێووەی کات و شوێنی ڕووداوەکان و ڕەفتار و سروشتی کەسەکان دیاری دەکات هەروەها وەسف هۆکارێکی بنیاتنانە و پشت بە بگێڕەوەی هەمووشتزان دەبەستێت، بەڵام لە گێڕانەوەی خودیدا بگێڕەوە دیوی ناوەوەی شتەکان پیشان دەدات و تێکەڵ بە ڕوانینی کارەکتەرەکان و باری دەرونیان دەبێت و بۆ ناخی شتەکان شۆڕدەبێتەوە ))(الساعدی، ٢٠٠٠، ٢٩). بەهۆی وەسفەوە زانیاریمان لەبارەی کاتی بەسەرهات و شوێن و شێوازی ژیان و ئاستی بیرکردنەوەی کارەکتەرەکان دەست دەکەوێت، لەبەرئەوە هیچ ڕۆمانێک بەبێ وەسف نییە. هەروەها وەسف وێنای هەست و سۆز و دیوی ناوەوەی کارەکتەرەکانمان بۆ دەکێشێت. (ژیرار ژنێت) باسی گرنگی وەسف لە گێڕانەوە دەکات و لەم باوەڕەدایە کە ((دەتوانین وێنای وەسفێک بکەین، کە گێڕانەوەی تێدا نەبێت بەڵام ناتوانین گێڕانەوەیەک بێنینە بەرچاومان، وەسفی تێدا نەبێت))(فایەق، ٢٠٠٨،ص ٧٠- ٧١) لەبەرئەوە پێویستە وەسف لەناو سیاقی گێڕانەوەدا بێت چونکە وەسف و گێڕانەوە پێکهێنەری بنیاتی ڕۆمانن.

وەسف بەپێی سەردەم و قۆناغە جیاوازەکانی ئەدەب گۆڕاوە و بەرەوپێش چووە، لە کلاسیکدا وەسفی دەرەوەی شتەکان کراوە، بەڵام لە سەردەمی ڕۆمانتیکدا وەسفی ناوەوە (ناخ)ی شتەکان کراوە، ئەم بەرەو پێش چوونەی وەسف لای نووسەرانی ڕۆمانی شەپۆلی هۆشیشدا دەبینرێت، چونکە لە ڕۆمانی شەپۆلی هۆش ئەرکی وەسف ناکەوێتە سەر بگێڕەوەی هەمووشتزان و کارەکتەرەکان خۆیان دەدوێن و گوزارشت لە دیوی دەرەوە و ناوەوەی خۆیان دەکەن. لە ڕۆمانی شەپۆلی هۆشدا وەسفەکان لە بابەتییەوە بۆ خودی گۆڕاوە، کارەکتەرەکان دەروونی خۆیان هەڵدەڕژن و گوزرشت لە شتەکانی دەرەوەی خۆیان دەکەن. وەسف لە ڕۆمانی نوێدا جیاوازە لە ڕۆمانی کۆن، چونکە لە ڕۆمانی نوێدا، شتە وەسفکراوەکە گرنگ نییە، بەڵکو چۆنییەتی وەسفکردنەکە گرنگە، واتە گرنگییەکەی لەوەدایە، کە وەسفەکە چۆن خۆمان پێشکەش دەکات؟ گرنگییەکەی لە خودی وەسفەکەدایە، نەوەک لە شتە وەسفکراوەکە.

چۆنییەتی بنیاتنانی وەسف لە ڕۆمانی کۆن و نوێ جیاوازە. لەبەرئەوە ڕەخنەگرانی ئەم بوارە، لە ڕوانگەی جیاوازەوە، باسی وەسفیان کردووە. هەندێک لە ڕۆماننووسان، لە وەسفدا هەموو وردەکارییەک ناخەنەڕو، کاتێک وەسفی کارەکتەرێک یان شوێنێک دەکەن، تەنها ئەم شتانەی بە مەبەستی ڕۆمانەکەوە پەیوەستە، وەسفی دەکەن، بۆ ئەوەی باشتر بتوانن، مەبەستەکەیان بگەیەنن. هەندێکی تر لە ڕۆماننووسان، دەیانەوێت لە کاتی وەسفدا، زۆرترین وردەکاری لە بارەی شتە وەسفکراوەکە بخەنە ڕوو، تا شتە وەسفکراوەکان لە یەکتری جیابکرێنەوە و لە وەسفکراوێکی دیکە نەچێت. وەسف لەسەر دوو بنیاتی جیاواز دادەمەزرێت، کە ئەوانیش (لێکۆڵینەوە و هەڵبژاردن)ە. ڕۆلی هەریەک لەم بنیاتانەش جیاوازە، چونکە لە ((لێکۆڵینەوەدا ڕۆماننووس هیچ وەردەکارییەک ناهێڵێتەوە کە باسنەکات و وەسفی هەموو شتک دەکات بەڵام لە هەڵبژاردندا هەندێک وردەکاری بۆ خوێنەر دەهێڵدرێتەوە و تەنیا هەندێک دیمەنی گرنگ وەسف دەکات)) (عزام،

٢٠٠٥،ص ٧٠)

ڕۆماننووسان بە پێی پەیڕەویان لەم دوو بنیاتی وەسفە، بەسەر سێ جۆر دابەش دەبن، بەشێکیان لە کاتی وەسفدا پەیڕەوی بنیاتی لێکۆڵینەوە دەکەن و بەشێکیشیان پەیڕەوەی هەڵبژردن و بەشەکەی تریشیان پەیڕەوی هەردووکیان دەکەن، واتە لە هەندێک لە دیمەنی ڕۆمانەکانیاندا، وەسفی هەموو وردەکارییەک دەکەن و لە هەندێک دیمەنی تردا تەنها ئەو وەسفی ئەو شتانە دەکەن، کە لەگەڵ مەبەستی ڕۆماننووسەکەدا دەگونجێت. یەکێک لە نموونەکانی ئەم ڕۆماننووسانە بریتییە لە بەلزاک کە (( بایەخ بە وردودرشتی وەسفکراوەکە دەدات و لایەنگری بنیاتی لێکۆڵینەوەیە بە پێچەوانەی تۆلستۆی کە پێی وایە ئەمجۆرە وەسفە خەیاڵی خوێنەر دەکوژێت، لەبەرئەوە لایەنگری بنەمای هەڵبژاردنە، لە نووسەرانی نوێش (میشیل بۆتۆر) شوێن پێی (بەلزاک) کەوتووە و (ناتالی ساروت)یش شوێن پێی (تۆلستۆی و ستاندال) کەوتووە، بەڵام (فلۆبیر) پەیڕەوی لە هەردوو بنیاتەکەی وەسف کردووە لەبەرئەوەی لە هەندێک دیمەندا باسی تەواوی وردەکارییەکان دەکات و لە هەندێکی تردا تەنها وێنای شتە گرنگەکانمان بۆ دەکێشێت)) (قاسم، ١٩٨٤،ص ١١٩)

نووسەرانی ڕێبازی شەپۆلی هۆش  لە بنیاتی وەسفدا،  پەیڕەویان لە هەڵبژاردن کردووە، کە وەک بنیاتێک لە دژی بنیاتی لێکۆڵینەوە سەری هەڵدا، بەڵام بەشێک لە ڕۆمانووسان بەتەواوی وەسف لە ڕۆماندا ڕەت دەکەنەوە، پێیان وایە، کە خوێنەر لە کاتی خوێندەنەوەی ڕۆماندا وەسفەکان پشتگوێ دەخات، بۆیە وەسف بە پێکهاتەیەکی بنیاتی ڕۆمان دانانێن. لە نموونەی ئەم ڕۆماننووسانە (ئەندرێ جید)ە، کە لەم بارەیەوە دەڵێت: ((دەمەوێت ڕۆمان لە هەموو ئەم توخمانەی سەر بەڕۆمان نین ڕزگاربکەم... تەنانەت بڕوام بەوە نییە کە وەسفی کارەکتەرەکان لە تایبەتمەندی ڕۆمان بن))(مجموعة من الكتاب، ٢٠٠٣،ص ٤٣-٤٤). بە بڕوای ئێمە بەم پێیەی ڕۆمان ڕەنگدانەوەی ژیانە، لەبەرئەوە بە شێوەیەکی هونەری نزیک لە واقیع، گوزارشت لە ژیانی ڕاستەقینەی مرۆڤ دەکات، بۆیە وەسفیش نابێت تەنها ئەرکی جوانکاری ببینێت و تەنها لە پێناوی وەسفدا بێت، بەڵکو دەبێت گوزارشت لە دیوی دەرەوە و ناوەوەی کارەکتەرەکان و تایبەتمەندیان و ئاستی ڕۆشنبیری و ناسنامەی چینایەتی و نەتەوایەتیان بکات و وێنە و وێنای ژیان، بۆ وەرگر بکێشێت، چونکە بەبێ ئەمانە، ڕۆمان ناتوانێت کاربکاتە سەر لایەنی مەعریفی وەرگر.  پەیوەندی وەسف بە کاتی گێڕانەوە، دەبێتە دوو جۆر، کە بریتین لە:

**آ-وەسفی وەستاو(ئیستاتیکی):**

تەکنیکێکی کاتە و پەیوەندی بە ڕیتمەکانی کاتی گێڕانەوە هەیە، بۆ خاوکردنەوەی کاتی گێڕانەوە بەکاردێت. وەسفی وەستاو جۆرە وەسفێکی بێ جووڵەیە و زیاتر ئەرکی ڕازاندنەوە و جوانکاری دەبینێت، لەم جۆرە وەسفەدا ((هیچ کردارێک لە واقیعدا ڕوونادات و کاتی چیرۆک تێیدا دەوەستیت)) (مانفرید، ٢٠١١،ص ١٢١)بگێڕەوە لە ڕۆمانی نیشتیمانی ساردا دەڵێت: ((قەشە یوسف، پیاوێکی باڵابەرز و بەژنباریک بوو، تەمەنی سی ساڵێک دەبوو، ریش و سمێڵێکی قەڵەمیی ڕەش و قژێکی کورت، چاوەکانی روشی قەترانی و گەش، سەرتاپا کۆستۆمێکی قەشەی کلدانی ڕەشی پۆشیبوو))(ئەبراهام، ٢٠٢٠، لا ٢٧٥). لەم نموونەیەدا، قەشە یوسف بووەتە هۆی وەستاندنی  کاتی گێڕانەوەکە. بگێڕەوە بۆ ماوەیەکی کورت پەرەسەندن و بەرەوپێش چوونی ڕووداوەکانی وەستاندووە. کاتی گێڕانەوەکەی هێورکردوەتەوە. لە دوای ئەم وەسفە کورت خایەنە، بگێڕەوە لە دوای ئەم کاتەی، کە گێڕانەوەکەی تێدا ڕاگرتووە، دووبارە لە وێوە دەست بە گێڕانەوە دەکات و ڕووەداوەکانی ناو گێڕانەوەکە بەرەوپێش دەبات.

**ب-وەسفی جوڵاو:**

یەکێکی ترە لە تەکنیکەکانی خاوکردنەوەی کات و لەم جۆرە وەسفە، کاتی چیرۆک بە تەواوی ناوەستێت. وەسفەکە تێکەڵ بەکات کراوە و وێنەی جووڵەی کارەکتەرەکان دەکێشێت و ڕوداوەکان لەم جۆرە وەسفە بە هێواشی بەرەوپێش دەچن، ڕۆماننووس لە ڕۆمانی نیشتیمانی سارا، باس لە چەندین ڕووداوی مێژوویی، لە عیراق و کاریگەری ئەم ڕووداوانە لەسەر کوردستان و شاری سلێمانی بەتایبەتی دەکات. بەهۆی

ئەم ڕووداوانە، چەندین کارەساتی ناخۆش ڕووبەڕووی جوولەکەکان بووەتەوە و یەکێک لەم ڕووداوانەش، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٤١، باسی کوردە ناشیۆنالیستەکان و عەرەبە شۆڤینییەکان دەکات، کە چۆن جوولەکەکانیان بە نۆکەری ئیمپریالیزم و ئیسرائیل تاوانبار دەکرد و دەیان چەوساندنەوە، لەبەرئەوە هەر لەم ساڵەدا خایم کە ئەوکات دەمڕاستی جوولەکەکانی شاری سلێمانی دەبێت و بە مەبەستی لێسەندنی سەرانە بۆ سەرا بانگی دەکەن. بگێڕەوە لە لاپەڕە (١٨٦) بەم شێوەیە وێناو وەسفی ئەم کارەکتەرەمان بۆ دەکات لەم کاتەدا و دەڵێت: ((ئەژنۆکانم ئەلەرزین و هەردوو دەستم لە پشتمدا لە یەکترین هەڵپێکابوو، نینۆکەکانم توند لە پێستی پشتی دەستم چەقاندبوو، بێدەنگ سەرم بۆ ڕاوەشاند و پاشان ناچاربووم، لەبەرخۆمەوە وتم، بەڵێ فەرمانتە قوربان))(ئەبراهام، ٢٠٢٠، لا ١٨٦). لەم نموونەیەدا، بگێڕەوە ئەگەر باسی لەرزینی ئەژنۆکان و سەر ڕاوەشاندن و قسەکردنی کارەکتەری نەکردبایە، ئەوە وەسفەکە دەبوو بە وەسفێکی وەستاو، بەڵام لەبەرئەوەی بگێڕەوە باسی لەرزینی ئەژنۆکان و سەر ڕاوەشاندن و قسەکردنی کارەکتەر دەکات، وەسفەکە بووەتە وەسفێکی وەستاو.

## دووەم: ئەرکەکانی وەسف

زۆربەی ڕەخنەگران دوو ئەرکیان بۆ وەسف دیاریکردووە هەرچەندە جگە لەم دوو ئەرکە ڕەخنەگران ئاماژەیان بە چەند ئەرکێکی تریش کردووە بەڵام ئەم دوو جۆرەی لێرە دەیانخەینەڕوو لە باوترین ئەرکەکانی وەسفن کە ئەوانیش بریتین لە:

### آ-ئەرکی جوانکاری:

یەکێکە لە ئەرکەکانی وەسف کە ڕۆمانووس لە کاتی وەسفدا بایەخ بە لایەنی وشە و ڕستە و دەربڕینەکان دەدات ئەم جۆرەیان زیاتر لە ڕەخنەی کۆندا باوبوو لەبەرئەوەی لە ڕەخنەی کۆندا جوانی شێوازیان لە جوانی وەسفدا دەبینی. بگێڕەوە لە ڕۆمانی نیشتمانی سارا لە نموونەی ئەم جۆرە وەسفەدا دەڵێت: ((سارا کچێکی باریکەلەی قەڵەمی دەموچاوی ڕێک و قژی ڕەش و لوول بوو، چاوی بایەمی و ڕەنگی ڕەش و قاوەیی تێکەڵ و تارماییەکی ڕەساسییش بەسەر بیلبیلەکانی چاویدا ڕژابوو، دەنگێکی ناسک و بەردەوام پێکەنینێکی شەرمنانە لەسەر لێوی بوو، خوێنی گەرمی لاویتی بە دەمارەکانیدا شەپۆلیان دەدا و گورجوگۆلیەکیان بە جەستەی بەخشیبوو))(ئەبراهام، ٢٠٢٠، لا ٢٤٥). بگێڕەوە لەم نموونەیەدا، وێنای شێوەی دەرەوەی کارەکتەری کردووە و دەیەوێت شێوەی جەستەیی کارەکتەر لە دەروونی وەرگر ئامادە بکات، لەبەرئەوەی ئەم جۆرە وەسفە زیاتر بۆ پڕکردنەوە و تێرکردنی ئارەزووی ئیستاتیکا وەرگرە، بۆیە لابردنیشی هیچ کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر پرۆسەی گێڕانەوەکە نییە، چونکە وەسفەکە تەنها بە مەبەستی ڕازاندنەوە و جوانکارییە و تێکەڵ بە گێڕانەوەکە نەبووە، ڕۆڵی نییە لە بەرەوپێش بردنی ڕووداوەکانی ناو گێڕانەوەکە. بگێڕەوە بۆ ماوەیەکی کورت خایەن گێڕانەوەکەی ڕاگرتووە، ئەوەش بووەتە هۆی خاوکردنەوەی کاتی گێڕانەوەکە و کاتی گێڕانەوە و کاتی خوێندنەوەی درێژکردووەتەوە.

### ب-ئەرکی واتایی:

یەکێکی ترە لە ئەرکەکانی وەسف، کە لە ڕێی وەسفی واتاییەوە درک بە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و جەستەیی و دەروونی کارەکتەرەکان دەکەین، چونکە وەسفی واتایی ((بایەخ بە ڕەهەندی دەروونی و کۆمەڵایەتی کارەکتەر دەدات، ئامانجی وێناکردنییەتی لە نێو ڕۆمان و دەرخستنی کردارەکانی و دیاریکردنی هۆکارەکانی ڕەفتار و کردارەکانییەتی، ئەمەش لە ڕێگەی وەسفکردنی ژینگەی کارەکتەر و ئەو پێکهاتە و شتانەی کە باگگروندییان بۆ دروست کردووە))(فضل، ١٩٩٧، ص٤٤٠). واتە وێنای شوێن و کردەوەکانی کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانمان بۆ دەکات و هۆکاری کردار و هەڵسوکەوتەکانی کارەکتەرەکانمان بۆ دەدۆزێتەوە، ئەمەش لە ڕێی وەسفی شوێن و ژینگە و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کارەکتەرەکانەوە دەردەکەوێت.

بگێڕەوە لە ڕۆمانی (نیشتمانی سارا)دا، دەڵێت: ((سالار ئاسەواری خەمێکی گران بە ڕوویەوە دیاربوو، چاوی ئاوساو و سور هەڵگەڕابوو


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

بێڕەنگ و لاواز ئێسقانی سەر ڕوومەتەکانی دەرپەڕیبوون، هەر لەیەکەم ڕۆژی مردنی ساراوە، جامانەکەی نەکردبۆوە سەری و قژی شێواو بوو، پیشمەرگەکان یەک یەک بەرەو ڕووی سالار هاتن و سەرەخۆشییان لێ کرد))(ئەبراهام، ٢٠٢٠، لا ٣٤٦). بگێڕەوە لەم نموونەیەدا، وەسفی ئەم خەمە قووڵە دەروونییەی سالار دەکات، کە لەدوای مەرگی سارای هاوسەری کاریگەرییەکەی لە شێوە و ڕووخساری سالار دەرکەوتبوو، ئەوەش پەیوەندی خۆشەویستی نێوان ئەم دوو کارەکتەرە دەردەخات، لەبەرئەوە ئەم وەسفە ئەرکێکی واتایی هەیە، چونکە ئەم وەسفە پەیوەندی بە ڕووداوەکانی ناو گێڕانەوەکە هەیە و بەشێکی دابڕاو نییە لە گێڕانەوەکە، لابردنی بۆشایی دەخاتە ناو گێڕانەوەکە کاریگەری لەسەر ڕۆمانەکە دەبێت. وەرگر لە ڕێی ئەم وەسفەوە هەست بە دەروونی سالار دەکات، کە لە دوای مردنی سارا بەسەریدا هاتووە، لەبەرئەوەی ئەم جۆرە وەسفە زیاتر گرنگی بە دیووی ناوەوەی کارەکتەرەکان دەدات .

## سێیەم: جۆرەکانی وەسف

### آ-وەسفی شوێن:

وەسف و شوێن لە ناو ڕۆماندا پەیوەندییەکی تەواوکەریان لە نێواندا هەیە، بەهۆی وەسفی شوێنەوە ڕۆماننووس کاتی ڕووداوەکان دەردەخات و زانیاری لەبارەی کارەکتەرەکان و ڕوداوەکانی ناو ڕۆمان بۆ وەرگر ئاشکرا دەکات. ڕۆماننووس بۆ ناونانی شوێنەکان لە ناو پرۆسەی گێڕانەوە هەندێ جار سود لە واقیع وەردەگرێت، واتە ڕۆماننوس زۆرجار ناوی ڕاستەقینەی شوێنەکان، کە لە واقیعدا بوونیان هەیە لە ڕۆماندا بەکاردەهێنێت، بۆ ئەوەی هەستی ئەوە لای وەرگر دروست بکات، کە ئەوە هەمان ئەم شوێنە جوگرافییەیە، کە لە واقیعدا هەیە. هەرچەندە ئەم شوێنانەی ناو ڕۆمان تێکەڵ بە هەستی ڕۆماننووس دەبن و بەگوێرەی ویستی ڕۆماننووس و گونجانیان لەگەڵ کارەکتەر و ڕووداوەکان دادەمەزرێن، واتە بە شێوەیەکی نزیک لە واقیع وێنای شوێنەکانمان بۆ دەکات کە بگونجێ لەگەڵ ڕووداو و کارەکتەرەکان ((بۆیە، ڕەنگە وەسف لە وێناکردنی شوێندا ئامرازێکی سەرەکی بێت، هەوڵێکیشە بۆ بەرجەستەکردنی جیهانی دەرەکی، نووسەر وەسفی واقیعێکی پەتی ناکات کاتێک وەسفی شوێن دەکات لە تابلۆیەک کە بە وشە دروستکراوە، بە شێوەیەکی هونەری پێکهێنراوە))(محبک، ٢٠٠٥،ص ٣٥). ئێمەش پێمان وایە کە وەسف و ناونانی شوێنەکانی ناو ڕۆمان بۆ نزیک کردنەوەی ڕۆمانە لە واقیع و هەروەها شوێنەکانی ناو ڕۆمانیش بەتەواوی بەدەر نییە لەم شوێنانەی کە لە واقیعدا بوونیان هەیە چونکە ڕۆمان خۆی ئاوێنە و ڕەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتییە بە شێوەیەکی هونەری و تێکەڵ بە خەیاڵی ڕۆماننووس بە گونجان لە گەڵ جووڵە و ڕەفتار و باری دەروونی کارەکتەرەکان.

وەسفی شوێن پەیوەندی بە کارەکتەرەوە هەیە و بە کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمان بەستراوەتەوە. بگێڕەوە بەهۆی کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمان بەشێوەیەکی هونەری وەسفی شوێنەکان دەکات، یان بە پێچەوانەوە، لە ڕێی شوێنەوە وەسفی کارەکتەر دەکات، چونکە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان شوێن و کارەکتەردا هەیە، هەروەها وەرگر بەهۆی وەسفی شوێنەوە، ئاشنای ژیان و هەڵسوکەوت و باری دەروونی کارەکتەر دەبێت، بەڵام هەر وەک (رینێ وێلێک ئۆستن وارین) پێی وایە، کە ((وەسفی شوێن دەبێت بە شێوەیەکی خوازراو گوزارشت لە کارەکتەر بکات، لەبەرئەوەی مالی مرۆڤ درێژکراوەی مرۆڤ خۆیەتی، ئەگەر وەسفی ماڵەکەیت کرد ئەوا وەسفی خۆیت کردووە))(یوسف، ١٩٩٧،ل ١٠٤). بگێڕەوە لە ڕۆمانی نیشتیمانی سارا لە چەند شوێنێک باسی گەڕەکی جولەکان دەکات، کە لەم گەڕەکەدا ترس و دوودڵی سنوری بە دەوری جولەکەکاندا کێشابوو، ئەمەش بەهۆی ئەم بارودۆخە ئابوری و ئایدۆلۆژی و کۆمەڵایەتییەی، کە لەم سەردەمەدا هەبوو، جگە لەم ڕەهەندانە، گەرەکەکە بەهۆی ئەم شیوە بۆگەنەی کە بەناویدا تێدەپەڕی، کاریگەریی نەرێنی لە ڕووی دەروونی و تەندرووستی بۆ جولەکەکان درووست کردبوو، لەبەرئەوە لە دوای بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لە شاری سلێمانیدا، جوولەکەکانی ناو گەرەکی جولەکەکان، زۆرترین زیانیان بەرکەوت، چونکە ئەم شیوە وەک بگێڕەوە لە زاری مامە سلێماندا باسی دەکات، یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم دەرد و نەخۆشییەی ناو گەرەکە، بۆ هەبوونی شیوەکە دەگەڕێنێتەوە و دەڵێت کە ئەم شێوە گو و میزی خەڵکی شاری سلێمانییە و بە دەمارەکانی جوولەکەکان هاتووچۆ دەکات. بگێڕەوە لە وەسفی ئەم شیوە و کاریگەری ئەم شیوە لە سەر دەروون و تەندروستی کارەکتەرەکان دەڵێت: ((ڕوانیم ڕووناکیی مانگ بە بەرزیی باڵای کەندەڵانی شیوەکەدا شۆڕبووبووەوە و تاکو سەر ڕووی ئاوەکە گەیشتبوو، نازانم بڵێم ئاوەکە یان باشترە بڵێم میزاوەکە،

شنەبایەک بە پێچاوپێچی شیوەکەدا گیڤەی کرد و لە خوارەوە بۆ سەر بۆن و بەرامی گوواوی لەگەڵ خۆی هێنا و پێش ئەوەی بیپرژێنێت بە سەرماڵەکاندا من یەکەم کەس بووم ئەو شەوە بۆنی پاشەڕۆی خەڵکی شارم کرد، کاتێک پڕ بە سینەکانم بۆنم هەڵمژی، لە خەیاڵی خۆمدا وتم ئێستا دەزانم بۆچی کانیشا سیلیەتی و سیەکانی هەڵئاوساون، کچێک لە قەرەداغ لەناو ئەو سرووشتە پاک و بێگەردەدا گەورە بوو بێت و ناچار لە بەر دڵدارەکەی هاتبێتە ئەم گەڕەکە، بێجگە لەوەی کە لە مێردەکەی دوو دڵە، ئیتر ئەوە دەردی گران کردووە!)) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، لا ١٢٧- ١٢٨). بگێڕەوە لەم نموونەیەدا، کاتی گێڕانەوەکە ڕادەگرێت، وەسفکردنەکە وەسفێکی وەستاوە و کاتی گێڕانەوە لەم وەسفەدا بەرە و پێش ناچێت وبگێڕەوە تێکەڵ بە دەروونی کارەکتەر دەبێت و وێنای دیووی ناوەوەی کارەکتەرمان پیشان دەدات، کە بەهۆی بۆگەنی ئەم شیوەوە بۆی درووست بووە، ئەوەش ئەرکێکی واتایی بە وەسفی شوێنەکە بەخشیوە. واتە وەرگر بەهۆی ئەم وەسفەوە بۆ دەروونی کارەکتەرەکان شۆڕدەبێتەوە و زانیاری لەسەر پەیوەندی شوێنەکە بە دەروونی کارەکتەرەکانەوە و کاریگەری لەسەر ڕووداوەکان دەزانێت، چونکە بگێڕەوە بەهۆی ئەم وەسفەوە بەشێک لە ڕووداوی نەخۆشی و دەردی ناو جووەکان بۆ بۆگەنی ئەم شیوە دەگەڕێنێتەوە.

ب-وەسفی کارەکتەر: وەسفی کارەکتەر لە ناو ڕۆماندا گرنگی خۆی هەیە، چونکە ئێمە لە ڕێی وەسفی کارەکتەرەوە، دەتوانین بە چۆنیەتی ژیان و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکان ئاشنابین و ئاستی ڕۆشنبیری و ئابوری و کار و کردەوەکانیان لە ناو ڕۆماندا بزانین. بگێڕەوە بەهۆی وەسفی کارەکتەرەوە وێنە و وێنای کارەکتەرەکانمان نیشاندەدات. هەروەها وەرگریش بەهۆی ئەم وەسفەوە، دەتوانێت کارەکتەرەکان لە یەکتری جیابکاتەوە. بۆیە ئەگەر بگێڕەوە وێنای کارەکتەرەکان لە خەیاڵی وەرگر نەچەسپێنێت، ئەوکاتە وەرگر ناتوانێت لە کردار و ڕەفتاری کارەکتەرەکان تێبگات و کاردانەوەیان بۆ ڕووداوەکان بزانێت، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە گێڕانەوەکە چێژ و سودێکی مەعریفی بە وەرگر نەدەگەیەنێت، وەسفی کارەکتەر بە پێی قۆناغەکانی گەشەسەندنی ڕۆمان، گۆڕانی بەسەرداهاتووە. وەسفی کارەکتەر لە قۆناغی کۆندا، و باسی ڕوخسار و جل وبەرگ و باری ئابووری کارەکتەری دەکرد، واتە زیاتر وەسفەکان وەسفی دەرەوە بوون و کارەکتەر وەک مرۆڤێکی واقیعی نیشان دەدرا. بەڵام لە ڕۆمانی نوێدا ((کارەکتەرەکان جگە لە دروستکراوێکی سەر کاغەز هیچی تر نین))(بارت، ١٩٩٣، ل ٧٢). واتە کێشانی وێنەی کارەکتەر پەیوەندی بە شارەزایی ڕۆماننووسەوە هەیە چونکە وەسفی کارەکتەرەکان بریتی نییە لە تەنها نیشاندانی دیووی دەرەوەی کارەکتەرەکان و کورتەیەک لە ژیاننامەکەی. بگێڕەوە جگە لە لایەنی جەستەیی و دیووی دەرەوەی کارەکتەرەکان بۆ قووڵایی دەروونی کارەکتەرەکان شۆڕدەبێتەوە و وێنەی لایەنی دەروونی و هەست و سۆز و هەڵچوونەکانیشیان دەکێشێت.

وەسفی کارەکتەرەکان لە ڕۆمانی (نیشتیمانی سارا)دا، بەزۆری وەسفی کورت خایەنن و هەندێک لە وەسفەکان وەسفی دیووی دەرەوەی کارەکتەرەکان دەکات، وەک لەم نموونەیەی خوارەوەدا، بگێڕەوە سەرەتا باسی ئەو ڕووداوە دەکات، کە خایم و دایکی لە ڕۆژی مەولودی پێغەمبەر (د.خ) لەگەڵ فەخریی عارەبانەچی دێن بۆ هەولێر و لەلایەن کۆمەڵێک لە مەلا و فەقێ لە بەردەم مزگەوتێکدا دەیانگرن و ئازاریان دەدەن بۆ ئەوەی شایەدوومان بێنن و ببن بە موسڵمان.

بگێڕەوە لە وەسفی مەلاکە دا، دەڵێت: ((مەلاکە، کە کابرایەکی لاوازی گەنمڕەنگی باڵاکورت بوو، چاوێکی کوێر و لووتی زل بوو، لێمان هاتە پێشەوە...))(ئەبراهام، ٢٠٢٠، لا ٢٦). ئەم وەسفە وەسفێکی کورت خایەنە، کەوتۆتە نێوان هەردوو دەستەواژەی (مەلاکە...لێمان هاتە پێشەوە). وەسفێکی وەستاوە و بگێڕەوە باسی شێوە و ڕوخساری مەلاکە دەکات. بگێڕەوە لەم وەسفەدا بۆ دیوی ناوەوەی کارەکتەرەکە شۆڕنابێتەوە و تەنها باسی شێوە و ڕوخساری دیووی دەرەوەی کارەکتەرەکەمان بۆ دەکات. بگێڕەوە لە ڕێی ئەم وەسفەوە، بۆ ماوەیەکی کورت کاتی گێڕانەوەکە ڕادەگێرێت و پشویەکی کورت بە خوێنەر دەدات. دواتر بەردەوامی بە گێڕانەوەکە دەدات.

ئەم وەسفە بۆ مەبەستی ئامادەکردنی شێوەی کارەکتەرەکەیە، لە زەینی وەرگردا و لابردنی لەناو گێڕانەوەکەدا، کاریگەری نەرێنی ناکاتە سەر بنیاتی گێڕانەوەکە، چونکە تێکەڵ بە کاتی گێڕانەوە نەکراوە و ڕۆڵی نییە لە بەرەو پێش بردنی پرۆسەی گێڕانەوەکە. مەبەست لەم جۆرە وەسفە، جوانکارییە و پشوپێدانی وەرگرە. بگێڕەوە جگە لە وەسفی دیووی دەرەوەی کارەکتەرەکان، زۆرجار وەسفی دیووی ناوەوەی کارەکتەرەکانیشی کردووە و بۆ دەروونی کارەکتەرەکان شۆڕدەبێتەوە و دەروونی کارەکتەرەکانی لە کاتی بوونی ڕووداوەکان و کاردانەوەیان بۆ ڕووداوەکان دەخاتەڕوو.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

وەک لەم نموونەوەی خوارەوەدا دەردەکەوێت، کاتێک بگێڕەوە لە دوای ڕۆشتنی باپیرە خایم و دایک و باوک و مەحمودی برای بۆ ئیسرائیل و دوورکەوتنەوەی سارا لە شاری سلێمانی و ڕۆیشتینیان بۆ شاخ لە گەڵ سالاری هاوسەری، وەسفی دیووی ناوەوەی سارا دەکات و دەڵێت: ((ڕەنگی زەرد و لاواز بووبوو، شەو تاکو بەیانی بەدەم گریانەوە گۆرانی دەوت و ڕۆحی ماندووی خۆی دەلاواندەوە... ترسی بەجێهێشتن و لێکدابڕان خەیاڵ و ڕۆحی سارایان وێران کردبوو))(ئەبراهام، ٢٠٢٠، لا ٣٣٥). بگێڕەوە لەم وەسفەدا، باسی دیووی ناوەوەی کارەکتەرمان بۆ دەکات. لەم جۆرە وەسفەدا، ناتوانین وەسفەکان لابدەین، چونکە تێکەڵ بە گێڕانەوەکە بووە و بەهۆی ئەم وەسفەوە، کاردانەوەی کارەکتەرەکە بۆ ئەو ڕووداوانەی، کە ڕوویان داوە، ڕوون دەبێتەوە. هەروەها لە ڕێی ئەم وەسفەوە ڕووداوەکان پەرەدەسێنن و بەرەوپێشەوە دەچن، لەم وەسفەدا، کاتی گێڕانەوە بە تەواوی ناوەستێنێت. تەنها کاتی گێڕانەوەکە بۆ ماوەیەکی کورت خایەن هێوردەکاتەوە و شیعرییەتی زیاتر بە گێڕانەوەکە دەدات.

## تەوەری سێیەم: پەیوەندی نێوان شیعرییەتی کات و ڕێچکەکانی کاتی گێڕانەوە

ڕێکخستنی کاتی گێڕانەوە لە ناو ڕۆماندا بە ڕێچکەکانی کاتی گێڕانەوە پەیوەستە، چونکە ڕۆماننووس بەهۆی ڕێچکەکانی کاتی گێڕانەوە، کات لە ناو ڕۆماندا ڕێکدەخات. لەبەر ئەوەی کاتی چیرۆک بە هێلێکی ئاسۆیی دەڕوات و کاتەکانی ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو، بەدوای یەکتردا دێن، بەڵام ڕۆمانووس بەهۆی ڕێچکەکانی کاتی گێڕانەوە، ئەم هێلە ئاسۆییە، تێک دەشکێنێت و پاش و پێش بە کات دەکات. واتە بگێڕەوە لە کاتی گێڕانەوەدا، پەیوەست نابێت، بە بەدوای یەکداهاتنی کاتەکانی ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو. بگێرەوە بە مەبەست ئەم لادان لە کاتی واقیعی و و پاش و پێش کردنە لە کاتدا، دەکات، چونکە ئەم تەکنیکە، جوانی بە دەقەکە دەدات و ئیستاتیکیا لە ناو ڕۆمان دروست دەکات. لەبەرئەوە بەشێک لە شیعرییەتی کات، بۆ چۆنییەتی مامەڵەی ڕۆماننووس، لە گەڵ ڕێچکەکانی کات، دەگەڕێتەوە. ڕێچکەکانی کاتیش دەبن بە چەند جۆرێک، کە بریتین لە:

### یەکەم-ڕێچکەی دواخراو:

لەم تەکنیکەدا ڕۆمانووس پابەندی زنجیرەیی کات نابێت، وەک ئەوەی لە واقیعدا هەیە و بگێڕەوە لە ڕێچکەی دواخراودا کاتی مێژوویی تێک دەشکێنیت، بگێڕەوە ئێستای گێڕانەوە ڕادەگرێت و باسی ئەو ڕووداوانەی، کە لە ڕابردوو ڕووی داوە و بگێڕەوە باسی نەکردووە و بەسەریدا تێپەڕیووە باسیان دەکات، بەمەش بگێڕەوە لە ڕێی ڕاگرتنی ئێستا بۆ ئەو ڕووداوانەی بۆ کارەکتەر و شوێنەکان لە کاتی ڕابردوو ڕووی داوە و گێڕانەوەیان دواخراوە ئێستا بیان گێڕێتەوە و درێژە بەکاتی ئێستا نەدات. ئەوەش وادەکات کاتی ڕابردوو تیکەڵ بەکاتی ئێستا بکات، پاش و پێش بە کاتەکان بکات لەبەرئەوە ڕێچکەی دواخراو ((واتە بگێڕەوە دەست لە ئاستی یەکەمی گێڕانەوە هەڵبگرێت، بە مەبەستی گەڕانەوەی ڕووداوێک، کە پێشتر بەسەریدا تێپەڕیووە، یان پشتگوێی خستووە و ئاماژەی پێنەکردووە))(جنیت، ١٩٩٧، ص ٤٧). تەکنیکی دواخراو مێژووی دەرکەوتنی بۆ داستانە کۆنەکان دەگەڕێتەوە، هەروەک لە داستانی ئەلیادەدا ((سەرەتای چیرۆکەکە لە ناوەڕاستی شاردراوەتەوە)) دواتر حیکایەتخوان بەهۆی تەکنیکی دواخراوەوە بۆ گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانە دەگەڕێتەوە کە دەکەونە پێش کاتی گێڕانەوە.

ئەم تەکنیکە لە بواری سینەماشدا بەکارهاتووە و لە سینەمادا بە فلاش باک (Flash Back) ناسراوە. دواتر ئەم زارەوەیە بۆ ناو ڕەخنەی ڕۆمانیش گوازراوەتەوە. لە هونەری سینەمادا لە دوای تەواوبوونی وێنەگرتنی ڕووداوەکان لە لایەن وێنەگرەکان، دەستکاری زنجیرەی کاتی بەدوای یەک داهاتنی ڕووداوەکانیان دەکرد، بەبێ ئەوەی کاریگەری لەسەر ڕووداوەکان هەبێت، بۆیە بەهۆی (فلاش باک)ەوە، ((نووسەر دەتوانێت خوێنەر لە کاتی ئێستاوە بۆ ڕابردوو بگوازێتەوە، واتە فلاش باک بەم کردەیە دەگوترێت کە ڕۆماننووس لە کاتی گێڕنەوەدا بۆ دواوە بگەڕێتەوە، ئەم کردەیە لە فیلم و بەرنامە تەلەفزیۆنیەکانیشدا بەرچاو دەکەویت و گرنگی تایبەتی هەیە، چونکە یارمەتی بینەر و خوێنەر دەدات، زیاتر لە بارەی ژیانی کارەکتەرەکەوە بزانێت و لە هەست و سۆزیەوە نزیک ببێتەوە. فلاش باک وا لە خوێنەر دەکات چێژی زیاتر لە

ڕووداوەکان وەربگریت)) (MasterClass,2023, no p.) تەکنیکی دواخراو بۆ سێ جۆر دابەش دەبێت کە برتین لە:

**آ-دواخراوی دەرەکی:** ((گەڕانەوەیە بۆ گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەی کە دەکەونە پێش خاڵی دەست پێکردنی سەرەتای گێڕانەوەکە)) (قاسم، ١٩٨٤، ص٥٤). لە ڕۆمانی نیشتیمانی سارا کاتی گێڕانەوە لەم کاتەوە دەست پێ دەکات کە خایم تەمەنی شەش حەوت ساڵانە و هەر گەڕانەوەیەک بۆ پێش لە دایکبوونی یان پێش تەمەنی شەش حەوت ساڵانی خایم بگەڕێتەوە ئەوە کاتە دەبێتە گێڕانەوەیەکی دەرەکی، بگێڕەوە لە یەکێک لە نموونەکانی گێرانەوەی دەرەکی، دەگەڕێتەوە بۆ پێش ئەوکاتە کاتێک بگێڕەوە لەسەر زاری مامە سلێمان باسی هارونی باوکی مامە سلێمان کە دەکاتە باپیری خایم دەکات و دەڵێت: ((هاروونی باوکم بە زۆر منی کرد بە ئاشەوان، کە ئەوسا دەمویست پیشەیەکی تر فێرببم یان دوای عیلم بکەوم، باوکم تەنها بۆ جارێکیش چییە گوێی لە قسەکانی من نەگرت و ڕێگای پێ نەدام تەنانەت بیریشی لێبکەمەوە، ئیتر بە زەبری دار کردمی بە ئاشەوان، وتم ئەگەر خۆم مناڵم بوو زۆریان لێ ناکەم، تاکو جێگای من بگرنەوە و ئەوانیش ببنە ئاشەوان)) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، لا ٧٢- ٧٣). بگێڕەوە لەم نموونەیەدا دواخراوی دەرەکی بەکارهێناوە لەبەرئەوەی کاتی ئێستای گێڕانەوە ڕادەگرێت و دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوێکی پێش کاتی گێڕانەوە و لە ئێستای گێرانەوە دا باسی دەکات، چونکە ئەم ڕووداوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوویەکی دوورتر لە کاتی گێڕانەوە واتە بۆ پێش لە دایکبوونی خایم دەگەڕێتەوە، بگێڕەوە لەم نموونەیەدا کاتی زنجیرەیی تێکشکاندووە ئەوەش شیعریەتی زیاتری بە ڕۆمانەکە داوە.

**ب-دواخراوی ناوەکی:** گەڕانەوەیە بۆ گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەی، کە دەگەڕێنەوە بۆ ڕابردوویەک، دوای دەست پێکردنی گێڕانەوە، واتە ئەو ڕووداوانەی گێڕانەوەکەیان دواکەوتووە، دواخراوی ناوەکی لە ڕۆمانی نیشتیمانی سارا بریتییە لە گەڕانەوەی بگێڕەوە بۆ ئەو ڕووداوانەی کە لە دوای تەمەنی شەش حەوت ساڵی خایم دەست پێ دەکەن و بگێرەوە لە یەکێک لە نموونەکانی دواخراوی ناوەکی باسی باپیرە خایم دەکات کاتێک باوکی لە گەڵ مامە سلێمان دەینێرێت بۆ کەرکوک و مامە سلیمان نە ماتانی دەناسێنێت و خایم سەرنجی دەکەوێتە سەر ئەو پەیکەرانەی کە ماتانای دارتاش لە دار درووستی کردوون ئەوەی زۆر سەرنجی خایم ڕادەکیشێت پەیکەری ناودارەکانە و و پاشان ماتان ئاماژە بە پەیکەرێک دەکات کە پەیکەری شێخ سەعیدە و بگێڕەوە لە ڕێی زەینی خایمەوە بە ڕابردوو دەگەڕێتەوە و دەڵێت: ((لەبیرم دێت، ئەو ڕۆژەی هەواڵی کوشتنی شێخ سەعید لە موسڵەوە گەیشتەوە سلێمانی، من لە قوتابخانەی ڕوشدییە بووم، زیاتر لە حەفتەیەک نەچووینەوە، بۆ قوتابخانە و دوکان بازار داخرابوون)) (ئەبراهام، ٢٠٢٠، لا ٣٩).

بگێڕەوە لەم نموونەیەدا لە ڕێی زەینی خایمەوە بە تەکنیکی دواخراوی ناوەکی بۆ ئەوکاتە دەگەڕێتەوە کە خایم لە قوتابخانەی ڕوشدییە بووە و ئەم ڕووداوە دەکەوێتە بەشی دووی ڕۆمانەکە بەڵام بگێڕەوە لەبەشی چوارەم و لە کاتی ئێستای گێرانەوەدا باسی ئەم ڕووداوە دەکات و ئەوەش وای کردووە بۆ ماوەیەکی کورت خایەن ئێستای گێڕانەوەکە ڕابگیرێت و ڕووداوێکی ڕابردوو لە ئێستای گێڕانەوەکەدا باس بکات،

**ج-دواخراوی تێکەڵ(ئاوێتە):** ((ئەو دواخراوە تێکەڵەیە، کە لە هەردوو داخراوی دەرەکی و ناوەکی پێکدێت))(قاسم، ١٩٨٤، ص٥٤). واتە بگێڕەوە دواخرای دەرەکی و دواخراوی ناوەکی، تێکەڵ دەکات و ئێستای گێڕانەوە ڕادەگرێت، ئەم دوو دواخراوە لە ئێستای گێرانەوەدا بەیەکەوە باس دەکات، واتە ڕووداوێک، کە کاتی ڕوودانی بۆ پێش کاتی گێرانەوە دەگەڕێتەوە، لە گەڵ ڕووداوێکی تر ئاوێتە دەکرێت، کە کاتی ڕوودانی دەکەوێتە ناو کاتی گێرانەوە، بەڵام بگێڕەوە ڕووداوەکەی دواخستووە و لە ئێستای گێرانەوە دەگەڕێتەوە بۆی و لەگەڵ دواخراوێکی دەرەکی ئاوێتەی دەکات و بەیەکەوە دەیانخاتەڕوو، زۆرجار ئەم دوو ڕووداوەش بە کاتی ئێستای گێڕانەوە پەیوەست دەکرێن. هەروەک لە ڕۆمانی نیشتیمانی سارا بگێڕەوەی هەمووشتزان لە ڕێی یادشتەکانی سارا، کە بگێڕەوە دوای مردنی سارا یادەشتەکانی دەخاتەڕوو و لەم ڕێیەوە بۆ چەندین ڕووداوی ناوەکی و دەرەکی و تێکەڵ دەگەڕێتەوە، کە بگێڕەوە لە ڕابردوودا باسی نەکردوون و لە ئێستای گێرانەوەدا باسیان دەکات،

بگێڕەوە لە لاپەڕەیەک لە لاپەڕەکانی یاداشتەکانی سارا باسی گفتوگۆی نێوان دایک و باوکی دەکات و دەڵێت: ((باوکم گەلێک جار بەڕووی دایکم هەڵدەشاخیت و پێ ی دەڵێت و ئێمەی جوو بە درێژایی مێژوو هەروا ژیاوین و خوای گەورە هەر ئەوەندەمان پێ ڕەوا دەبینێت، ئێمە زیاتر لە هەزار ساڵە لە لایەن کوردە موسولمانەکانەوە، وەک و قەومێکی زەلیل و داڵدەدراو حیسابمان بۆ دەکرێت))(ئەبراهام، ٢٠٢٠، لا ٣٥١). لەم نموونەیەدا بگێڕەوە دواخراوی تێکەڵی درووست کردووە، بەهۆی گەڕانەوە بۆ ڕووداوێکی ناوەکی کە باسی گفتوگۆی نێوان دایک و باوکی سارایە، ئەوکاتەی لە سلێمانین و پێش ڕاگواستنیان بۆ ئیسرائیل و پێش مردنی سارا، واتە بگێڕەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو و بەڵام ئەم ڕابردووە دەکەوێتە ناو کاتی گێڕانەوە و بگێڕەوە پێشتر بەسەر ئەم ڕووداوانەدا تێپەڕیووە و باسی نەکردوون و لە کاتی ئێستای گێڕانەوە باسی ئەم ڕابرووە دەکات، دواتر بگێڕەوە هەر لەم نموونەیەدا بۆ زەمەنێکی دوورتر دەگەڕێتەوە، کە دەکەوێتە دەرەوەی کاتی گێڕانەوە و ئەویش گەڕانەوەیە بۆ هەزار ساڵ بەر لە ئێستای گێڕانەوە، بگێڕەوە هەردوو ڕووداوەکەی ئاوێتەی یەکتر کردووە و دواخراوی تێکەڵی پێ درووست کردووە.

بەشێک لە ڕەخنەگرانی ئەدەبی دەربارەی بنیاتنانی دواخراوی تێکەڵ، جگە لەم بۆچوونەی پێشو بۆچوونێکی تریان هەیە، لە بارەی ئەم تەکنیکەوە دەڵێن: ((دواخراوی ئاوێتە ئەوەیە، ڕۆماننووس کاتی ئێستای ڕووداوەکان ڕادەگرێ و پاشی دەخات بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە دواوە بۆ باسکردنی کۆمەڵە ڕووداوێک کە دەکەونە کاتی ڕابردووەوە و پێداویستی پەرەسەندنی ڕووداوەکان ئەوە دەخوازێت کە لە کاتی ئێستادا بخرێنە ناو تێکستەکەوە، یان بگێڕدرێنەوە، بەڵام ئەو پرۆسەی گێرانەوەیە بەوەندە کۆتایی نایەت، بەڵکو بەردەوام دەبێت تا دەگاتەوە ڕووداوەکانی کاتی ئێستا و لە گەڵی تێکەڵ دەبێ و لەوێوە جارێکی تر گێڕانەوەکە بەرە و ئایندە هەڵدەکشێ))(ئەڵوەنی، ٢٠٠٤، لا ٢١٤). واتە جگە لەم بۆچوونەی، کە پێی وایە دواخراوی تێکەڵ بریتییە لە ئاوێتە بوونی ڕووداوێکی دەرەکی و ڕووداوێکی ناوەکی بۆچوونێکی تریش هەیە، کە ئەم ڕووداوانەش بە دواخراوی تێکەڵ دەزانێت، کە بگێڕەوە کاتی ئێستای گێڕانەوە ڕادەگرێت و دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوێکی ڕابردوو و تێکەڵ بە ڕووداوەکانی ئێستای گێڕانەوەی دەکات و بەرەو داهاتوو بەردەوامی پێ دەدات. ئینجا ئەو ڕووداوە ڕابردووەی کە تێکەڵ بە کاتی ئێستای گێڕانەوە دەکرێت و لە ئێستادا دەخرێتە ناو پرۆسەی گێڕانەوەکە ڕووداوەکە دواخراوی ناوەکی بێت یان دەرەکی، بەڵام دەبێت ئەم ڕابردووە تێکەڵ بە کاتی ئێستای گێڕانەوە ببێت. لە پرۆسەی گێڕانەوەدا نموونەمان بۆ ئەم بۆچوونە زۆرترە بە بەراورد بە بۆچوونی یەکەم.

لە ڕۆمانی نیشتیمانی سارا بگێڕەوە لە زۆر شوێن ئەم تەکنیکەی بەکارهێناوە و بەهۆی ئەم تەکنیکەوە ڕووداوەکانی ڕابردووی بە کاتی ئێستا پەیوەست کردووە و بەرەوە داهاتوو ڕووداوەکانی بەرەوپێش بردووە، لەم تەکنیکەدا کاتی ڕابردوو لە کاتی ئێستای گێڕانەوە دانەبڕاوە. بگێڕەوە لە یەکێک لە نموونەکانی دواخراوی ئاوێتە بەم شێوەیە بەرەو رابردوو دەگەڕێتەوە و پاشان بە ئێستای گێڕانەوەی دەبەستێتەوە و بەرەو داهاتووی دەبات کاتیک دەڵیت : ((سالار گیان ئەو شەوەی لە گەڕەکی سابونکەران تۆ سەردانت کردین، من تاکو بەردەرگا تۆم بەڕێ کرد و بڕیاربوو تۆ بگەڕێیتەوە، تاوەکو پێکەوە بە جێبەکەت بچین بۆ ماڵی ئێوە و من لە وێوە من سارا لە گەڵ خۆم بێنمەوە، هەمووی چەند دەقەیەک ڕۆیشتیت، هێزێکی تایبەتی میری جل و بەرگی مەدەنیان لەبەردابوو، ئەوەندەی لامان ئاشکرابوو یەکێکیان کورد بوو، سەڵت و قوڵت پێچایانینەوە و هەر ئەوە شەوە و بۆ دەمەو بەیانی گەیاندنیانە بەغداد، ڕۆژی دوای ئەو شەوە لە فڕۆکەخانەی بەغداد سواری فڕۆکەیان کردین و ڕاستەو ڕاست لە فرۆکەخانەی یورشەلیم دابەزین، لە فڕۆکەکەدا سەلما و خانێ و مناڵەکانیانمان لەگەڵدا بوو، سەرجەم سەرنشینانی ناو فڕۆکەکە چل کەسێک دەبووین، زۆربەمان کوردبووین، لێرە ئێمە گوزەرانمان باشە و جێگایان بۆ دابین کردین و ئێستا لە کەمپین، بەڵام پێ دەچێت لە داهاتوویەکی نێزیکدا لە شار یان لە گوندەکانی ئیسرائیل نیشتەجێمان بکەن))(ئەبراهام، ٢٠٢٠، لا ٢٨٩). بگێڕەوە لە ڕێی نامەیەکەوە، کە لە ئیسرائیلەوە بۆ کەتان و سالار و سارای دەنێریت باسی ئەو شەوەیان بۆ دەکات کاتێک سالار دەچێتە ماڵی دایک و باوکی سارا و پێیان دەڵێت کە سارا لە نەخۆشخانە دەرچووە و ئێستا لە ماڵی ئێمەوە، دواتر سالار دەچێت جێبەکەی بێنێت تا لە گەڵ باپیرە خایم بەیەکەوە بچن بۆ ماڵی خۆیان و سارا بۆ ماڵی دایک و باوکی بگەڕێننەوە بەڵام کاتێک سالار جێبەکەی دێنیت بۆ بەردەرگای ماڵی سارا دەبینێت کە ئەم ماڵە چۆڵە و کەسی تێدا نەماوە. دواتر بگێڕەوە لە ڕێی نامەیەکەوە بۆ ڕووداوەکانی ئەو شەوە دەگەڕێتەوە و کاتی

ئێستای گێڕانەوە ڕادەگرێت و ڕابردوو لە ئێستای گێڕانەوە باس دەکات، دواتر ئەم ڕابردووە بە کاتی ئێستای گێڕانەوە دەبستێتەوە و بەرەو داهاتوو پرۆسەی گێڕانەوەکەی بەرەو پێش دەبات. ئەم پاش و پێش پێکردنەی کات و خاوکردنەوەیەی کاتی گێڕانەوە ئیستاتیکا لە ڕۆمانەکە بنیات ناوە و شیعرییەتی زیاتری بە ڕۆمانەکە داوە.

## دووەم-ڕێچکەی پێشخراو:

ئەم تەکنیکە بە پێچەوانەی تەکنیکی دواخراو، بەرەو ڕابردوو ناگەڕێتەوە، بەڵکو ڕووە و داهاتووە و ڕووداوەکانی داهاتوو بۆ ئێستای گێڕانەوە دەهێنێت. ئەم ڕێچکەیە ئەم ڕووداوانە پێش دەخات، کە لە داهاتوودا ڕوودەدەن، لە ئێستای گێڕانەوەدا باسیان دەکات. واتە پێشخستنی ڕووداوێک پێش کاتی خۆی و باسکردنی لە کاتی ئێستای گێڕانەوەدا ڕێچکەی پیشخراو دروست دەکات. ئەمەش وا پێویست دەکات، کە بگێڕەوە کاتی ئێستای ڕووداو ڕابگرێت، بەمەبەستی ((ئاماژە پێکردنی یان هێنانی ڕووداوێکی داهاتوو))(بان البناء، ٢٠٠٩، ٥٧). بگێڕەوە بە هۆی ئەم تەکنیکەوە، کاتی زنجیرەیی تێك دەشکێت و یارییەکی ئیستاتیکی بەناو کاتە جیاوازەکاندا دەکات، ئەوەش شیعرییەتی زیاتر بە ڕۆمانەکە دەبەخشێت.

تەکنیکی پێشخراو مامەڵەکردنی بگێڕەوەیە لە گەڵ داهاتوو و ئەو ڕووداوانەشی، کە دەیان هێنێتە ئێستای گێڕانەوە، بە پێی بۆچوونی هەندێک لە ڕەخنەگرانی ئەدەبی، مەرج نییە، کە هەموو ڕووداوەکان ڕووبدەن و هەندێکیان ئەگەری ڕوودان و هەندێکی تریان ئەگەری ڕوونەدانیان هەیە، ئەوەش دەکات، کە تەکنیکی پێشخراو لە پێشبینی نزیک بکەوێتەوە، چونکە ((پێشخراو گێڕانەوەی ڕووداوێکی داهاتوو یان پێشبینی کردنی دەگەیەنێت))(فالیط، ١٩٩٩، ص١١٠-١١١). هەرچەندە هەندێک لە ڕەخنەگران بڕوایان وایە، کە لە تەکنیکی پێشخراودا ئەو ڕووداوانەی، کە باس دەکرێن دەبێت ڕۆماننووس لێیان دڵنیابێت و مەرجی ڕوودانیان تێتدا بێت، چونکە پێیان وایە پێشخراو لە گەڵ پێشبینیکراودا جیاوازە و لە پێشخراودا نابێت ڕووداوەکان گۆڕانیان بەسەردا بێت و دەبێت وەکو خۆی، کە باسکراوە ڕووبدات، بەڵام لە پێشبینیکراودا مەرج نییە ڕووداوەکان گۆڕانیان بەسەردا نەیێت و وەک خۆیان ڕووبدەن، واتە پێشخراو ((پێشکەشکردنی ڕووداوە بەدی هاتووەکانی داهاتووە...بە پێچەوانەی پێشبینی، کە ڕەنگە ڕووبدات یان نا))(یوسف، ١٩٩٧،ص ٨١). ئێمەش لەگەڵ بۆچوونی دووەم داین و پێمان وایە، کە پێشخراو جیاوازە لە پێشبینیکردن، چونکە لە پێشخراودا بگێڕەوە کاتێک ڕووداوەکانی داهاتوو لە ئێستای گێڕانەوەدا باس دەکات، ڕوودان و ڕوونەدانی کارەکان بۆ وەرگر جێناهێڵێت و بە ڕوونی ئاماژە بە ڕووداوەکانی داهاتوو دەکات، کە لە داهاتوو وەک و خۆی و بێ گۆڕانکاری ڕوودەدەن، بەڵام لە پێشبینیکردندا ڕوودان و ڕوونەدانی کارەکان زۆرجار بۆ وەرگر جێ دەهێڵدرێت و وەرگر بەپێی ئاستی مەعریفی خۆی، ڕاڤە بۆ پێشبینییەکان دەکات. لەبەرئەم هۆکارە پێمان وایە کە ئەم دوو تەکنیکە جیاوازن و هەمان تەکنیک نین.

لە ڕۆمانی نیشتیمانی سارا لە هەندێک شوینی گێڕانەوەکەدا تەکنیکی پێشخراو بەکارهاتووە و بووەتە هۆی ئەوەی ڕووداوەکانی داهاتوو تێکەڵ بە ڕووداوەکانی کاتی ئێستای گیرانەوە ببن. چەند نموونەیەکی ڕێچکەی پێشخراو لە ڕۆمانەکەدا هەیە و لە یەکێک لە نموونەکانی ئەم تەکنیکەدا، بگێڕەوە لەسەر زاری باپیرە خایم و لە ڕێی دکتۆرەکانەوە باس لە مردنی مەحموود دەکات، کە لە داهاتوودا دەمرێت، کاتێک دەڵێت: ((دختۆرەکان پێیان وتم کە تەنها چەند مانگێکی لە ژیاندا ماوە، چونکە ئۆرگانەکانی جەستەی داوەشاون و چارەسەر ناکریت))(ئەبراهام، ٢٠٢٠، لا ٤٣٤- ٤٣٥). لەم نموونەیەدا پێشخراوەکە مردنی مەحموودە کە بگێڕەوە لە کاتی ئێستای گێڕانەوەدا باسی دەکات وبەڵام ڕووداوەکە لە داهاتوودا ڕوودەدات. بگێڕەوە بیر و زەینی خوێنەر بۆ ڕووداوێک ئامادە دەکات، کە لە داهاتوودا ڕوودەدات و لە کاتی ئێستای گێڕانەوەدا چارەنووسی کارەکتەرەکە نیشان دەدات، بۆیە لەم نموونەیەدا، باپیرە خایم لە سەرزای دکتۆرەکانەوە لە کاتی ئێستای گێڕانەوەدا باسی مردنی مەحموود دەکات، بەڵام ڕووداوەکە لە کاتی داهاتووی گێڕانەوەدا بەدی هاتووە.

## ئەنجام:

١- ڕۆماننووس بەهۆی تەکنیکی خێرایکردنەوەی کاتی گێڕانەوە زەمەنێکی درێژ یان کورت لە کاتی چیرۆک لابردووە و باسی ئەم ڕووداو و بەسەرهاتانەی نەکردووە، کە لەم ماوەیەدا ڕوویانداوە، یان بەشێک لەم ڕووداوانەی کاتی چیرۆکی بە پێویست نەزانیوە، کە لەکاتی گێڕانەوەدا باسیان بکات، نەی ویستووە خوێنەر لە چاوەڕوانی ڕووداوە سەرەکی و گرنگەکاندا بهێڵێتەوە و تامەزرۆیی خوێندنەوە لە دەست بدات، کە ئەمەش شیعرییەتی بە دەقەکە بەخشیوە.

٢- ڕۆماننووس بەهۆی تەکنیکی لابردنی دیاریکراوەوە، بۆشایی لە نێوان پێش ماوەی لابراو و دوای ماوە لابراوەکە کردووە، کە کاتی گێڕانەوەی پێ پوخت و کورت کردۆتەوە، ئەمەش هیچ کاریگەر نەرێنی لەسەر گێڕانەوەکە دروست نەکردووە، بەڵکو شیعرییەتی زیاتری بە ڕۆمانەکە بەخشیووە.

٣- ڕۆماننوس تەکنیکی کورتکردنەوەی لە کاتی گێرانەوەی بەکارهێناوە، کە چێژی زیاتر بە دەق و وەرگر دەدات و ئەوەش وای کردووە شیعرییەتی زیاتر لە ناو دەق و لە لای وەرگر دروست بێت، چونکە لەم تەکنیکەدا کاتی گێڕانەوە کورتترە بە بەراورد بە کاتی چیرۆک.

٤- وەسفی کارەکتەرەکان لە ڕۆمانی (نیشتیمانی سارا)دا، بەزۆری وەسفی کورت خایەنن و هەندێک لە وەسفەکان وەسفی دیوی دەرەوەی کارەکتەرەکان دەکات، ئەوەش تەکنیکی خاوکردنەوەی لە کاتی گێڕانەوە بەرهەمهێناوە، کە بەهۆیەوە شیعرییەتی دروستکردووە، چونکە کاتی گێڕانەوەی درێژتر کردووە بە بەراورد بەکاتی چیرۆک.

٥- ڕۆماننووس بەهۆی تەکنیکی دواخراوی (دەرەکی، ناوەکی، ئاوێتە)وە، کاتی ڕابردووی لە کاتی ئێستای گێرانەوە باس کردووە، ئەم پاش و پێش پێکردنەی کات و خاوکردنەوەیەی کاتی گێڕانەوە ئیستاتیکای لە ڕۆمانەکە بنیات ناوە و شیعرییەتی زیاتری بە ڕۆمانەکە داوە.

٦- ڕۆمانووس بەهۆی تەکنیکی پێشخراوەوە لە ڕۆمانی نیشتیمانی سارا ڕووداوەکانی کاتی داهاتووی تێکەڵ بە ڕووداوەکانی کاتی ئێستای گێرانەوە کردووە و بیر و زەینی خوێنەری بۆ ڕووداوێکی داهاتوو ئامادە کردووە، زنجیرەیی کاتی چیرۆکی تێکشکاندووە و شیعرییەتی لە کاتی گێرانەوە دروستکردووە، لە ڕێی ئەم تەکنیکەوە، چاوەڕوانی و تامەزرۆیی و چێژی لە لای وەرگر دروست کردووە.

## لیستی سەرچاوەکان:

### سەرچاوە کوردییەکان:


١. ئەرستۆ، (ئەرستۆ) هونەری شیعر، چاپی دووەم، وەرگێڕانی عەزیز گەردی، سلێمانی، چاپخانەی گەنج.

٢. ئەڵوەنی، نەجم (٢٠١١) لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی شیکاری، لە بارەی ڕۆمانی کوردییەوە، دەزگای ئاراس، هەولێر.

٣. ئەڵوەنی، نەجم خالید نەجمەددین (٢٠٠٤) بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا، سەردەم، سلێمانی.

٤. سابیر، پەرێز(٢٠٠١)، بینای چیرۆکی کوردی (لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی) دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٥. فایەق، دانا(٢٠٠٨)مناڵێک بە دزییەوە کتێب دەخوێنێتەوە گفتوگۆ لەگەڵ (کاروان کاکەسوور)، لە بڵاوکراوەکانی پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر، چاپخانەی؟.

٦. گەردی، عەزیز (١٩٧٤) ئەدەب و ڕەخنە، چاپخانەی (الحوادث) ، چاپی یەکەم، بەغدا.

سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:


١٠. برنار، فاليط(١٩٩٩) النص الروائي(تقنيات پالسرد)، ت: رشيد بنحدو، الهيئة العامة لشؤون المطابع الأميرية.

١١. يوسف، أمنة، (١٩٩٧)تقنيات السرد في النظرية والتطبيق، دار الحوار للنشر والتوزيع، ط١، سورية.

١٢. بان البناء(٢٠٠٩) الفواعل السردية- دراسة في الرواية الاسلامية المعاصرة، عالم الكتب الحديث، الاردن.

١٣. محبک، احمد زياد(٢٠٠٥)متعة الرواية، دار المعرفة للطباعة والنشر والتوزيع، ط١، بيروت- لبنان.

١٤. يان مانفريد(٢٠١١) علم السرد، مدخل إلى نظرية السرد، ت: أماني ابو رحمة، دار نينوى للدراسات والنشر والتوزيع، ط١، سورية- دمشق.

١٥. جينيت، جيرار (١٩٩٧) خطاب الحكاية (بحث في المنهج)، ت: محمد معتصم و عبدالجليل الأزي و عمر حلي، ط٢، المجلس الاعلى للثقافة، القاهرة.

١٦. ياكبسون، رومان (١٩٨٨) قضايا الشعرية، الطبعة الأولى، ترجمة محمد الولي ومبارك حنون، المغرب، دار توبقال للنشر.

١٧. بحراوى، حسن (١٩٩٠)بنية الشكل الروائي (الفضاء- الزمن- الشخصية)، الطبعة الاولى، الناشر: المركز الثقافي العربي، دار البيضاء، بيروت.

١٨. بارت، رولان، (١٩٩٣)، مدخل التحليل البنيوي للقصص، ت: منذر عياش.

١٩. ابراهيم، عبدوالعزيز (٢٠٠٥) شعرية الحداثه، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق.

٢٠. عزام، محمد(٢٠٠٥) شعرية الخطاب السردي، منشورات إتحاد الكتاب العرب، دمشق.

٢١. مجموعة من الكتاب(٢٠٠٣) الفضاء الروائي، ترجمة: عبدالرحيم حزل، منشورات أفريقيا، الدار البيضاء - المغرب و بيروت – لبنان.

٢٢. كوهن، جان (١٩٨٦) بنية اللغة شعرية، الطبعة الأولى، ترجمة:محمد الوالى و محمد العمري، المغرب ، دار البيظاء: دار توبقال للنشر، جولان.

٢٣. هدى، اويبرة (٢٠١٢) مصطلح الشعرية عند محمد بنيس. رسالة ماجستير، جامعة قاصدي مرباح ورقلة في الجزائر.

٢٤. فضل، صلاح(١٩٩٧)، نظرية البنائية في النقد الادبي، الطبعة الاولى، دارالشؤون الثقافية، العامة، بغداد.

٢٥. قاسم، سيزا أحمد(١٩٨٤)، بناء الرواية، دراسة قارنة لثلاثية نجيب محفوظ الهيئة المصرية العامة الكتاب.

٧. طودورف، تزفيطان (١٩٩٠) الشعرية، الطبعة الثانية، ترجمة: شكري المبخوت ورجاء بن سلامة، المغرب، دار توبقال

٨. ابو ديب، كمال (١٩٨٧) في الشعرية، مؤسسة الأبحاث العربية، الطبعة الاولي، بيروت

٩. الساعدي، عبدالأمير مطر فيلى(٢٠٠٠) الوصف في الرواية العراقية (دراسة نقدية في تقنية بناء الوصف) ١٩٣٧ -١٩٩٠، رسالة ماجستير، كلية لأداب، جامعة بغداد.


**پێگەی ئەلیکترۆنی ئەنتەرنێت:**


the MasterClass staff. (2021), what is a flashback.24

https://www.masterclass.com/articles/what-is-a-flashback- 14-2-2023